ئۆكتۆبەر
OCTOBER

بڵاوكراوەیەكی سیاسیە | حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان دەریدەكات | ژمارە(15). 1ی نۆڤەمبەر | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێكدا | No.(15) 1st Nov.2008


ئاسۆی ڕێككەوتننامە ئەمنیەكەی نێوان ئەمریكاو عێراق
ل3

ڕیفۆرم و ڕابون، ڕەگ و یەكێتی، هەر یەكێتین
ل6

# فرە ژنی شەرمەزارییە بۆ بەشەریەت!

كۆتایی ئۆكتۆبەر پەرلمانی حزبە ناسیونالیست و ئیسلامییەكانی كوردستان هەمان قانونی كۆنەپەرستانەی باری كەسێتی رژیمی بەعس، كەلەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی و فرەژنی دانراوە، بەچەند مەرجێكەوە پەسەندكرد وبەم هەنگاوەشی نیشانیدایەوە، كەئەم پەرلمانە دەسەلاتی پیاوسالاری ومەلا وسەرمایەدار وشەریعەتەكەیانە كەراستەوخۆ دژ بەوجودی ئینسانی ژن وئازادیەكانیانە. فرەژنكردنی كۆمەلگای كوردستان لەیاسادا جگەلەوەی ڕەسمیەتدانە بەپلەدوویی ژنان وسڕینەوەی سەرەتاییترین مافەكانیان، هاوكات ژنان دەكاتە كۆیلەی نیو خێزان وبازاری كڕین وفرۆشتن و صیغەكردنیان بەپێی شەریعەتی ئیسلامی. ئەمەش هێرشیكی كۆنەپەرستانەی ئاشكرای حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەكانی كورد و هاوپەیمانە ئیسلامییەكانیانە بۆسەر بزوتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان ومەدەنیەتی كۆمەلگا. ئەم بریارە لەهەمانكاتدا دەمی ئەو ناسیونالیستە نیوداشتە علمانی و "مۆدرینخوازانە" دەبەستێ كەئومید بەبەرێبازی خۆسازان وخۆگونجاندن لەگەڵ شەریعەت وئیسلامدا بتوانن لەنێوان بزوتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان و یاسا ئیسلامییەكاندا ڕێكەوتنێك پێكبهێنن.

ژنانی كوردستان كەسالەهای سالە بەدەست فەرهەنگی پیاوسالاری و یاساكانی باری كەسیتی عێراقیەوە دەنالێنن و بەهۆی ئەوەی كە ماف وئازادییەشەخسی ومەدەنیەكانیان بەڕەسمی بۆناناسرێ، گیرۆدەی سەخترین ودژوارترین هەلومەرجی نابەرابەری بوونەتەوە. كوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف و خۆسوتاندن و دەیان دیاردەی دزێویتر هەموویان ئاكامی ئەوبارودۆخەن كەماف وئازادی كەسێتی ژنان چ لەئیختیاری هاوسەرو چ لەجیابوونەوەدا بەڕەسمی ناناسرێ. ئەمەلەكاتێكدا كەبریاربوو ژنانی كوردستان لەژێر دەسەلاتی "خۆماڵیدا" لەهەرجۆرە یاسا و فەرهەنگ و مامەلەیەكی پیاوسالاری و خێلەكیی و ڕەگەزپەرستی رزگاریان بێت و وەك هاولاتییەكی یەكسان مامەلەیان لەگەل بكرێ.

ژیانی ژنانی كوردستان لەماوەی 17 سالی ڕابردوودا هەربەوهۆیەوە كەیاسایی باری ژێر سایەی هەرئەو حزبانەی كە لەپەرلمان وحكومەتدا شەریكن، ڕووبەڕووی سەخترین نمونەكانی توندوتیژی بوونەتەوە، تاوانەكانی كوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف ، تا خۆسوتاندن و لوت برین و زیندانی كردنی ژنان ولێدان وسوكایەتی پێكردنو بازرگانیپێكردن، تا لەقالبدانی ژیان و ئازادییە شەخسی وكۆمەلایەتییەكانیان بەفەرهەنگی دواكەوتوانەی پیاوسالاری وخێلەكێتی و ئیسلامی، هەموویان بەرئەنجامی مامەلەیەكی نائیسنانی نامۆ بە بەشەریەت كەدەسەلاتداران و پەرلمانەكەیان چ بەشكلی یاسا، وەچ وەك فەرهەنگی باوی ناو كۆمەلگا برەویان پێداوەو خەلكیان لەگەلی بارهێناوە. وتەنانەت بەوهۆیەوە كە هەرئەم یاسای باری كەسێتیە و شەریعەتیە بالادەست بووە، ژنان نەیاتنوانیوە لە مافەكانی خۆیان لە ئازادی هەلبژاردنو جیابوونەوەی هاوسەرو بەهرەمەند بوون لە مافە سەرەتاییەكان بەهرەمەند بن.

هەر بۆیە هەر یاسایەك كە یەكسانی هەمەلایەنەی ژنانو پیاوان بخاتە ژێر پرسیارەوەو مافی ژنانی تیا زەوت بكرێت، شەرمهێنەو ئەبێت تورِ هەلدرێتو هیچ شەرعیەتێكی نیە لەلای ژنانی نارازیو پیاوانی یەكسانیخواز. بۆیە ئەو شەرمەزارییە بەبالای پەرلەمانو حزبەكانی لایەنگر لەو یاسایەدا برا. بۆیە ئەبێت ژنانو پیاوانی یەكسانیخواز و حزبو ڕێكخراوە پێشكەوتنخوازو پێشڕەوەكانی كۆمەلگا لەلایەكەوە رەتی بكەنەوەو لەلایەكیتریشەوە كاربكەن بۆ هەلوەشانەوەیو جێگیركردنی یاسایەكی مۆدێرنو ئینسانی كە مافی یەكسانی لە نێوان ژنانو پیاواندا زامن ئەكات، هەر هەر هەلوێستێكی كەمتر لەمە، ئەچێتە خزمەتی یاساكەو درێژەكێشانی هەلومەرجی نالەباری دژ بەژنانو كۆمەلگا.

**زمناكۆ عزیز**

## عەتا سەراوی بۆ نەوشیروان ئامادەیە خەڵك بكوژێ!

لەگەل توندبوونەوەی بارگری نیوان بالەكانی نیوخۆی یكیتی نیشتماندا، عەتاسەراوی لەرۆژنامەی هاوولاتیدا ئامادەیی خۆی بۆكوشتنی خەلك راگەیاند. ئەم جۆرەدەربرینە نیشانەی سونەتیكی ناشارستانیانەو نامەدەنی بوونی رەوتیكی كۆمەلایەتیە كەبەكوردایەتی، یانی ناسونالیزم دەناسریتەوە كا تواناى تەحمولكردنی موخالیفی سیاسی بەرامبەری نییەو ریگای كوشتنی ئینسانەكان بۆیەكلاكردنەوەی جیاوازییەكان هەلدەبژیریت. بەتایبەتی كەمیژوویەكی بەلگەداری حزبە میلیشیاییەكانی سەربەبزوتنەوەی ناسونالیزمی كورد ئەوەی هیناوەتەروو، كەتەسفیەی جەستەیی و تیرۆرو كوشتن، ریگایەكە بۆبالادەستی سیاسی و حزبی بەسەر ئەوانەدا كەرایەكی پیچەوانەیان هەیە. بەلام كارەساتی لەمەش خراپرتر ئەوەیە كەعەتاسەراوی لەرۆژنامەیەكەوە بانگەشەی كوشتنی خەلك دەكات كە هەزاران خوینەری هەیە، ئەمەئیتر بانگەوازە بۆكوستن لەرای گشتیدا، بانگەوازە بۆبرەودان بەتوندوتیژی لەكۆمەلگادا. بیگومان لەخالەتیكی ئاوادا ولەكۆمەلگایەكدا كەدەسەلاتیكی مەدەنی وپاسایی بەرقەرابیت قسەكانی سەراوی بەسە بۆ دادگایی كردن و وەرگرتنی سزای توند. كۆمەلگای كوردستان كۆمەلگایەكی خیلەكیتی و دەرمارگیر نییە كەكەسانی وەك سەراوی وهاوشیوەكانی بویرانە بانگەشەی كوشتنی ئینسانەكان لەسەر بیروراى سیاسی جیاوازیانیان بۆبدرێ. خەلكی مەدەنی وئازادیخوازی كوردستان دەبی ئەم بانگەوازەی سەراوی وهاوشیوەكانی بەزەنگی خەتریك بۆسەر ژیانی ئیستاو داهاتووی خۆیان وەربگرن وریگانەدەن كۆمەلگای كوردستان بكەنە مەیدانی كوشتن وتۆلەسەندنەوەی كویرانە.

## هەڕەشەی تیرۆر بۆسەر رۆژنامەنوسانی ئازاد بەردەوامە

بۆجاریكیتر وبەدوای تیرۆری سورانی مامە حەمەلەشاری كەركوك، ئەحمەد میرە سەرنوسەرو خاوەن ئیمتیازی كۆڤاری لیڤین دەكەویتە بەردەم هەرەشەی تیرۆرەوە. هەم هەرشەیە كەلەلایەن یەكیك لەپارتەسیاسیەكانی كوردستانەوە پیلانی بۆداریژراوە، تەنها بەوهۆیەوەیە كە گۆڤاری لیڤین لەژمارەكانیدا راستیەكانی گەندەلی سەرانی حیزبەدەسەلاتدارەكانی ئاشكراكردووە و پەردەیلەسەر كارنامەیان هەلداوەتەوە. جیگای ئاماژەپیدانە كەهاوشیوەی ئەم پیلان وهەرەشانە بۆسەر رۆژنامەنوسانی ئازاد و بلاوركاوە ئەهلییەكان لەپانتاییەكی فراواندایەو دەسەلاتداران بەمەبەستی بەستنی دەنگی ئازادی وسنرداركردنەوەی ئازادی بەیان لەبەردەم رۆژنامەنوسان وهاولاتیاندا بەشیوەیەكی سیستماتیك رۆژنامەنوسان وبلاوكراوەكانیان خستۆتە ژیر گوشارەوە. بلاوكراوەی ئۆكتۆبەر ویرای مەحكومكردنی ئەم هەرەشو پیلانانە لەدژی گۆڤاری لڤین وكارمەندانی، داوادەكات كە رۆژنامەنوسان و خەلكی ئازادی خواز لەبەرامبەر گوشاری دەسەلاتدراندا بۆسنورداركردنەوەی ئازادی بەیان ورۆژنامەگەری رابوەستن و دەنگی نارەزایەتی هەلبرن.

## تالەبانی زەوی خەڵك بەزەكریا دەبەخشێ

لەپاداشتی ئاهەنگیكی هونەریدا بەخشندەیی تالەبانی گەیشتە ئەو ئاستەی كە زیاتر لە1600 مەتر زەوی بە گۆرانی بیژ زەكەریا ببەخشیتەوە. ئەمە لەكاتیكدایە كەتالەبانی نەهونەر دۆستەو نەكاتی ئەوەی هەیە گویگری كۆرانیەكانی زەكریا بیت. بیگومان ئەمكارەی تالەبانی تەنها بۆمەرامیكی سیاسی حزبەكەیتی و نەهیچیتر، ئەویش راكیشانی زەكەریاو نفوزی نیوخەلكی ئەم گۆرانبیژەیە بۆلای حزبەكەی. لەمەشدا پاداشتەكان لەریگای دەستدریژی كردنەسەر "ئەموالی عامەوە" پیشكەشدەكرین. بەلام ئەمە تەنها نمونەنییە، لەژیر سایەی دەسەلاتی یەیكتی وپارتی وحكومەتەكەیاندا ئەوشتەی كەوەك مۆدیكی ئاسایی و جیگای شانازی پەرپرسیارانی دەسەلات وحزبەكانیەتی بەخشینەوەی مالی خەلكە بۆ مەرامی سیاسی حزبی و كەسایەتی خۆیان. لەمبارەوە رۆژنییە هەوالەكانی بەخشینەوەی پارەو زەوی نەیتە سەر لاپەرەی رۆژنامەكان كەدراون بەفلانە وەزیرو سەرۆك عەشیرەت و فەرماندەی پیشمەرگەو مەلای ئاینی.. حالەتیكی ئاوا گۆشەیەكیتر لەگەندەلی و نەبوونی یاسا لەدەسەلاتی ئیستا دەسەلمینی. ئەگینا لەكام وولاتی دنیادا ریگادراوە كە مولكی دەولەت لەسەرو یاساوە بۆمەرامی سیاسی ببەخشریت.

## 48 هەزار كەسانی ئامادەبەكار لەشاری سلێمانی بێكارن.

بەپێی ئاماریك كەرۆژنامەی چاودیر بلاوی كردۆتەوە تەنها لەشاری سلیمانی 48 هەزار كەس بیكارن، ئەمەلەكاتیكدایە كەئەم ئامارە ژمارەی بیكارانی لەشارەكانی تری كوردستان نەگرتۆتەخۆی وبگرە مەودای بیكاری لەشیوەیەكی وردی خۆیدا لەبەرچاو نەگرتووە. بەلام خودی ئەم ژمارەیە بەسە بۆ لەئارادابوونی شەپۆلیكی بیكاری فراوان لەكوردستاندا. شەپۆلیك لەبیكاری ئاوا لەپال گرانی و كەمی ئاستی موچە، راستەوخۆ كاریگەری هەیە لەسەر ئاستی بژیوی خەلكی كوردستان. لەكەنار ئەم راستیەشدا خەلكی كریكارو زەحمەتكیشی كوردستان ئاگاداری لە17% ی بودجەی حكومەتی هەریم و سەرەوژیربوونەوەی ئەوسەرمایانەن كە ولاتانی دەرەكی رەوانەی كوردستانی دەكەن، كەچی هیچ پرۆژەیەك بۆ وەلامدانەوە بەكار وزیندەكی ئەو ئینسانانە لەلایەن دەسەلاتدرانەوە نابینری كەكیشەی بیكاری پی وەلامبدریتەوە. دابینكردنی لانی كەمی ژیان لەریگای دانی زەمانەتی بیكارییەوە یەكیك لەو خواستانەیە كەدەبی لەلایەن خەلكەوە بدریت بەگوی دەسەلاتدا. بیمەی بیكاری ودابینكردنی كار مافیكی سەرەتایی هەر ئینسانیكی ئامادەبەكارە لەكۆمەلگای هاوچەرخدا. بەلام نابی چاوەروانی لەدەسەلاتیك بكری كەلەقازانجی دەولەمەندان و سەرمایەدارانەوە خەریكی گیرفان پركردنن، بۆ راوەستانەوە بەرامبەر بەدیاردەی بیكاری بزوتنەوەیەك پیویستە لەدژی بیكاری كەبەخواستی "كار یان زەمانەتی بیكاری" وە یەخەی دەسەلاتداران دەگری.

## خۆپیشاندانی خوێندكاران كۆلێژی پزیشكی ل2




## گۆشەیەكی تر لە توندوتیژی و تیرۆری ژنان ل7

## شەڕی كوتلەكانی ناو یەكێتی، شەڕ لەسەر گەندەڵی نیە، شەرە لەسەر سەرمایەیەك كە بەگەندەڵی بەرهەم هاتووە

**چاوپێكەوتنی ئۆكتۆبەر لەگەڵ عوسمان حاجی مارف سكرتێری كۆمیتە ناوەندی حزب لەلاپەڕە(5)دا بخوێننەوە**

## یەكەمین كۆنفرانسی ساڵانەی تەشكیلاتی فنلاندای حزب سەركەوتوانە كۆتایی بە كارەكانی هێنا

لەبەرواری 18/10/2008 تەشكیلاتی فنلەندای حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی تەشكیلات و هاورێیان ئاسۆ كەمال بەرپرسی كۆمیتەی دەرەوەی ولاتی حزب و سامان كریم ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەک لە لایەنگرانی حزب ومیوانان،یەكەمین كۆنفرانسی خۆی بەست.

لەم كۆنفرانسەدا هاورێ مستەفا باهر راپۆرتی كارو هەڵسورانی دەورەی پێشووی پێشكەش كرد، وئاشان لەلایەن ئامادەبووانەوە قسەو باسی لەسەر كرا. بەدوای ئەودا هاوری ئاسۆ كەمال بەرپرسی ریكخراوی دەرەوە لەقسەوباسیكدا لەبارەی بارودۆخی ئیستای كوردستان وسەرخەتی كارەكانی حزب لەدەرەوەی ولات دوا و دواتر فرسەت بەگفتوگۆی هاوریان درا.



**بلاوكراوەی ئۆكتۆبەر لەپەیوەندیكدا رای هاوریانی لەسەر كۆنفرانسەكەو كارەكانی بەم شیوەیە وەرگرت:**
بۆ ل7

# ئاسۆی ڕێککەوتنامە ئەمنیەکەی نێوان ئەمریکاو عێراق

زمناکۆ عزیز
zmnaco@yahoo.co.uk



زیاتر لە دوو مانگە ڕەشنوسی ڕێکەوتنامەیەك لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە دراوە بەدەسەڵاتدارانی عێراق، بەڵام لەبەر فرە هەڵوێستی سەرکردەکان لەعێراق لەپەیوەند بەو ڕێکەوتنامەیەوەو بەهۆی فشارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانەوە، تائێستا شانسی جێبەجێکردنی نەبووەو ئەو مەلەفە هەروا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە. هەرچەندە فشارەکانی ئەمریکا زۆر زیاترە لەوەی کە بەرپرسەکانی عێراق بتوانن تاسەر ڕەتی بکەنەوە، سەرەنجام بەسەریاندا فەرز ئەکرێت. ئەم ڕێکەوتننامەیە سەرباری ئەوەی کە ئەبعادی جیهانی هەیەو کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دیاریکردنی جێگەو ڕێگەی ئەمریکا لەجیهاندا، هاوکات بۆ ئەمریکا ئەم ڕێکەوتننامەیە کلیلی مانەوەیەتی لەناوچەکەو دەروازەیەکیشە بۆ دەخالەت لەسەرجەم کێشەو پرسە جیهانیەکان. بەڵام لەئاستی ناوخۆدا کێشمەکێشی گەورەی لەسەرە. کێشەکان کامانەن‌و ڕێگریەکان چین؟

## چی ئەگوزەرێت؟

لایەنە شیعییەکانی ناو عێراق، ئەوانەی کە دەسەڵاتدارو ئەوانەیشی کەلەدەرەوەن بەگشتی دژی ڕێکەوتننامەکەن، تائەو جێگایەی کە بەوانەوە مجلسی ئەعلاو حزبی دەعوە ئەگەڕێتەوە کە ئەوان بەتەنها لەژێر فشارەکانی جمهوری ئیسلامی ئێراندا ئەو ڕێکەوتنامەیە ڕەتدەکەنەوە، هەربۆیە بیانووەکانیان ڕۆشن نین هەرجارەو بەیانی سیاسەتێك لەوبارەیەوە ئەکەن، بەڵام لەناو دەورەنی هەردوو حزبدا ئارەزوویەك هەیە بۆ ئیمزاکردنی ڕێکەتننامەکە، ئەویش لەبەر کرانەوەی ئەو دەرگا داخراوانەیە کە لەپاش ئەو ڕێکەوتنامەیە بۆ ئەوان ئەکەوێتە سەرپشت، ئەویش دەرگای دبلۆماسیەت‌و پەیوەندییە لەگەڵ ووڵاتانی عەرەبی، کە هاوکات پاڵنەری ناسیونالیستیش هۆکارێکیترە کە جێگاو ڕێگای سیاسیان بەهێزتر ئەکات. بەڵام لایەنەکانیتری وەك ڕەوتی سەدرو حزبی فەزیلەو بەشێك لە حزبی دەعوا، وێڕای فاکت‌و فشاری ئێران، هاوکات پاڵنەری کۆمەڵایەتیش هەیە لەپشت ڕەتکردنەوەی ڕێکەوتنامەکەوە، چونکە ئەوان دروست پەییان بەو حاڵەتە بردوە کە ئەمریکا هێزێکی داگیرکەرەو لەلایەن خەڵکی عێراقەوە پێشوازی ناکرێت، تەنانەت زۆرێك لەوهێزانەی ئێستایان بەتەنها بەوەستانەوەیان لە بەرامبەر هێزەکانی ئەمریکا، توانیان جێگایەك بۆ خۆیان لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا بکەنەوەو کەسایەتی‌و سیاسەتەکانیان لەناو خەڵکدا کۆمەڵایەتی بکەنەوە.

هەرچی لایەنە سوونەکانی عێراقیشە هەموو بوونی خۆیان لەپشتیوانی‌و هاوکارییە ماددی‌و لۆجستیەکانی دەوڵەتانی عەرەبی ئەبیننەوە لەبەرامبەر هەژموونی ئێران بەسەر ناوچەکەدا، ئەوان لەلایەك لەژێر چالاکی‌و نەخشی قاعیدە لەعێراق کە دژی هەر ڕێکەوتنێکی ستراتیژییە لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا، لەلایەکیتر لەژێر فشارەکانی دەوڵەتانی وەك سعودیەو ئوردن‌و میسرو بەشێك شێخەکانی کەنداودا، کە ڕاشکاوانە ڕایانگەیاندوە کە دژی فراوانبوونەوەی نفوزی ئێرانن لەعێراقداو ئەو فراوانبونەوەیە بە زیانی خۆیان ئەبیننەوە، قەراریان گرتوە. بەشێك لەوانەیان کە لایەنگری قاعیدەبوون، لەژێر ناوەکانی صحوەو ئیسنادا شەریکیان کردوون لەدەسەڵاتی ناوچەکانی خۆیان‌و ناوەندا، ئەوانیتریش کە خۆیان لەحزبی ئیسلامی عێراقی‌و جبهەی توافق‌و پاشماوەی بەعسیە سەددامیەکان ئەبیننەوە، لایەنگری ڕێکەوتنامەکەن‌و چەند تێبینی‌و مەرجێکی بچوك نەبێت، کێشەیەکی تریان نیە لەگەڵ ڕێکەوتننامەکە، ئەویش بۆ لاوازکردنی نەخشی ئێران لەعێراق، کە هاوکات ئەکاتە لاوازکردنی نەخشی سەرانی شیعە لەناو حکومەتی عێراقدا. کەواتە بۆهەرکام لەو هێزانە بۆخۆیان ڕۆشنە کە بۆچی لایەنگر یان دژی ڕێکەوتننامەکەن. وەهەرکام لەو هێزانە نەخشەی تایبەتیان هەیە بۆ هەرکام لە ئەگەرەکان، واتە ئەگەر ڕێکەتننامەکە بگاتە ئەنجام جۆرێك حەرەکەت ئەکەن‌و ئەگەریش شکستی خوارد جۆرێکیتر واتە بۆهەموو ئیحتمالاتەکان خۆیان ئامادەکردوە. بەڵام ناسیونالیزمی کورد تا چەند ئامادەیە؟ ئەگەر ڕێکەوتن ئیمزا بکرێت دەسکەوتیان چیەو ئەگەر نەکرا چی ئەکەن؟ بۆچی سەرانی پارتی‌و یەکێتی هەموو مایەکەیان لەسەر بەئەنجامدانی ڕێکەوتننامەکە داناوە؟
بەبڕوای من ناسیونالیزمی کورد، لەیەك ساڵی ڕابردووە تائێستا، وەدروستتر پاش ڕووداوەکانی قەرەتەپەو خانەقینەوە توشی نائومێدییەکی کوشندە هاتوە، بەتایبەت ئەم حاڵەتە لە سەرکردایەتی پارتی‌و هەڵوێستی سەرۆك‌و کادرەکانی مەکتەب سیاسیەکەیانەوە زەقتر بوو. مەبەستم نیە کە بڵێم یەکێتی لەوبارەیەوە باشتر بوون، بەڵکو بۆ ئەوانیش هەروابوو، بەڵام نەخۆشی تاڵەبانی‌و گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە، هۆکاری غیابی هەڵوێستی سیاسی یەکێتی بوو.
ئەو دەوریەش کە بە دەورەی زێڕینی حکومەتی ناوەندی دائەنرێت، چونکە بۆیەکەمجار بوو لەپاش هاتنە سەردەسەڵاتی بتوانێ چەند سەرکەوتنێکی سەربازی بەئەنجام بگەیەنێت. لەلایەك توانی کۆنترۆڵی زۆربەی ئەو پشێوی نائارمیانە بکات کە بەهۆی چالاکیەکانی ڕەوتی سەدر لەبەغداو بەسرەو دیوانیە دەکەوتنەوە، هاوکات توانی گورزێکی کوشندەش بدات لە گروپە سەربازییەکانی سەر بە قاعیدەو بەعس لەناوچەکانی دیالە. ئەمەش وایکرد کە مالیکی‌و هێزێکی تازە شکڵگرتوو کەلەپاش 22ی تەمموزی 2008 خۆی نواند، بە ئیرادەیەکی بەهێزترەوە دەست بۆ فراوانکردنەوەی ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیان ببەن لەسەر حسابی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتی. هەرچەندە ئەو کێشمەکێش‌و ململانێیە نەبڕاوەتەوەو تائێستاش ئایندەی ئەو ململانێیەو کەرکوك‌وناوچە کوردنشینانەکان یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵام کێرڤی ناسیونالیزمی کورد لەو بەروارەوە لەدابەزیندایە. بەهەڕڕادەیەکیش قورسایی ئەمریکا کەمبێتەوە، بەهەمان ڕادە خەتەر بۆسەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئەحزابەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان زیاتر ئەبێت. گوشارەکانیش بۆسەر کوردستان چەند سەرەن‌و، بەبۆچوونی پارتی‌و یەکێتی تەنها وەرەقەی ئەمریکا ئەتوانێ ئەم هەلومەرجە لەم حاڵەتەی ئێستادا ڕابگرێت -دیارە ئەمەش بڕاوە نیەو تەنها وەهمێکی ناسیونالیزمی کوردە- چونکە دەوڵەتانی عەرەبی نیگەرانی دەسەڵاتی سەرکردە کوردەکانن لەوناچانەی کە حاکمیەتیان بەسەریدا ئەشکێتەوەو لەمباوەیەوە ناسیونالیزمێکی شیعییان بەلاوە پەسەندترە لە پارتی‌و یەکێتی.

## ستراتیژی ناسیونالیزمی کورد

لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەرۆکی پارتی(بارزانی) لەپەیوەند بە لایەنگری خۆی‌و حزبەکەی‌و سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەنجامدانی ڕیکەوتنامەکە، بەخاتری ئەو بەرژوەندییە ستراتیژییەیە، کە مانا عەمەلیەکەی ئەکاتە ئەوەی کە لەرێگەی پشتیوانی ئەمریکاوە ناسیونالیزمی کورد بۆ ماوەیەکی درێژتر لەگەڵ ناوەند شەریك بن‌و ئەم شەریکبوونەشیان بەعنوانی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی کوردستان بێت. هەرئەمەش ماهیەت‌و ناوەڕۆکی سیاسەت‌و گشت سەوداو مامەڵەکانی زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردووی ناسیونانیزمی کورد بووە.
بەڵام ئایا ئەگەر ڕێکەوتنامەکە ئیمزا نەکرا، یان بۆ ماوەیەکی درێژتر بۆ نمونە بۆ پاش هەڵبژادنەکانی ئەمریکا دواخرا، ئایا جێگەو ڕێگەی ناسیونالیزمی کورد لەبەغدا بەچی پێناسە ئەکرێت؟ خاڵی بەهێزی پارتی‌و یەکێتی کامەیە کە ژێرپێیان پێلێژ ناکرێت؟ ئایا مالیکی‌و هاوپەیمانەکانی پارتی‌و یەکێتی پابەند ئەبن بە ڕێکەوتنامەکانیانەوە؟ سەرەنجام هەڵوێستی تورکیاو ئێران چۆن ئەبێت بەرامبەر ئەم دوو حزبە باڵادەستەی کوردستان ئەگەر ئەمریکا پشتیان تێبکات؟ ئایا چی زەمانەتی ئەوە ئەکات کەداروبەردووی چەوتیەکانی ئەوان بەسەر خەڵکدا ناشکێنەوە؟ کە ئەوەش ئەکاتە دووبارە بوونەوەی پلەدوویی‌و ستەمی میللی.
پارتی‌و یەکێتی ئەگەر بیانەوێ لە ئەگەری نەبوونی پشتیوانی ئەمریکادا بمێننەوە، لەبەردەم دووڕیانێکدان: یان ئەبێت ببنە داردەستی ئەو دوو دەوڵەتەو سنورەکانی ئەوان بپارێزن، لەپێناو ڕێگاپێدانیان بۆ درێژەدان بەحاکمیەتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا. کەئەمەش ئەکاتە ئەوەی کە خۆیانخاوەنی بڕیارو داڕێژەری نەخشەو سیاسەتی خۆیان نەبن، هەر ڕۆژەو جەنگێك بەخاتری مەرامەکانی ئەو دەوڵەتانە بەرپا بکەن، کەئێستا مەسەلەی لێدان لە PKK وەك ئەجندایەکی دەرەکی لەبەردەستیاندایە. وەیان ئەبێت ڕێگایەکی جیاوازتر هەڵبژێرن‌و بەپشت بەستن بەهێزو ئیرادەی خەڵکی کوردستان، ڕێگەی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بگرنەبەر. کە ئەمەی دووهەمیان هەرگیز لە قاموس‌و ستراتیژی ناسیونالیزمی کوردا نەبوونی هەبووەو نە جێگایشی ئەبێتەوە، کەواتە ئەوان ڕێگەی یکەم ئەگرنەبەر و بەمەش ئایندەو داهاتووی خەڵك تاریکتر ئەبێت‌و ئاسۆیەك بۆ دەربازبوون نامێنێتەوە، ئەویش ئەگەر هێزێکی کۆمەڵایەتی بەرین بۆ ئەو خواستە نەیەتە مەیدان.

# تەنها سۆشیالیزم ئەڵتەرناتیڤە بۆ سەرمایەداری و قەیرانەکانی

عامر سابیر
asabir79@hotmail.com

لە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە 30/4/1995 لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تاهیر حەسەن، وەک کۆمۆنیستێک و داکۆکیکار لە کرێکار و کۆمۆنیزم، لە گەڵ مەلا بەختیار لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وەک نوێنەری سەرمایەدارانی کوردستان و بەرگریکەری سەرسەختی بازاڕی ئازاد، کۆڕێکیان لە سلێمانی بەست لە هۆڵی (ڕۆشنبیری جەماوەر) کە لەلایەن بەشی هۆشیاری و ڕووناکبیری مەڵبەندی یەکی (ینک)ەوە ڕێکخرابوو. لە کۆتایی ئەو کۆڕەدا مەلا بەختیار دۆڕاو لەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو فاشیل بوو، وە ناچار بوو بڵێ هێشتا سۆشیالیزم ئامانجێکی پیرۆزە. ئێستا لەپاش زیاتر لە 13 ساڵ بەسەر ئەو کۆڕەدا، ئەو بازاڕی ئازادەی کە مەلا بەختیار بانگەشەی بۆ دەکرد، لە دنیای واقیعدا لە جەرگەی ئەو شوێنەی سەری هەڵدابوو، شکستی خواردووە و هەرەسی هێناوە.
لەو دەورانەدا کە هاتووهاواری سەرمایەداری بە دیموکراسی و بازاڕە ئازادەکەیەوە گوێی بەشەرییەتی کەڕ دەکرد، ئەوە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان بوون لە کوردستان و بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی بوو لە دنیادا کە لە دژی ئەو پروپاگەندە ژەهراوییە وەستانەوە و وتیان نا بۆ سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد بە دیموکراسییەکەیەوە کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخە.
کرێکارانی سۆشیالیست و مارکیسیستەکان کە هەرگیز باوەڕیان بە دنیایەکی باشتر و خاڵی لە چەوسانەوەی ئینسان لە لایەن ئینسانەوە لەق نەبووە، سەروەرییەکی گەورەیان بۆ خۆیان تۆمارکردووە و ئێستاش هەر بیروباوەڕی ئەو مارکسەی (کە وێنەکەی هەردەم بەرزڕاگیراوە لە دەستی کۆمۆنیستەکاندا) واتە مارکسیزم وەڵامە بە دنیای پێچەوانەی ئەمڕۆ.

لە سەرمایەداریدا بەرهەمهێنان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئینسانەکان نییە، بەڵکو بۆ قازانجی زیاتر و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە، لە دەورانی ڕەونەقدا بانقەکان کە ساڵانە بلیۆنەها دۆلار قازانج ئەکەن، هەمووی بۆ خۆیانە، بەڵام لە دەورانی قەیراندا، وەک ئێستا هەر ئەم دەوڵەتە بۆرژوازیانە بە تریلیۆن و سەدەها بلیۆن دۆلار لە پارەی خەڵکی ئەخەنە خزمەتیانەوە.
لەم سیستەمەدا کرێکاران هەر دوو هەفتە جارێک ئەبێت باجەکانیان (تاکس،Tax ) بدەن، وەیان لانی زۆر لە کۆتایی هەر ساڵێکدا چەند باجیان ئەکەوێتە سەر ئەبێت بیدەن، بەڵام سەرمایەداران بە هەزار و یەک تەڵەکە خۆیان لە دانی باج ئەدزنەوە، وەیان ڕێژەیەکی زۆر کەم ئەدەن، بۆ نموونە کێری پاکەر Kerry Packer کە دەوڵەمەندترین کەسی ئوسترالی بوو، وە خاوەنی حەوت بلیۆن دۆلار بوو، تا مرد لە 2005 دا هیچ تاکسی نەداو سەدان ملیۆن دۆلار باج قەرزار بوو، کە مردیش دەوڵەت بە ڕەسمی پرسەی بۆ بەست.

لە 16/10/2008 دا ڕێکخراوی ئۆکسفام ( Oxfam)ی بەریتانی ڕایگەیاند کە لە دنیادا (900) ملیۆن ئینسانی برسی هەیە، ئەمانە لە خانەی هەژار و کەم دەرامەتەکاندا حیساب ناکرێن، بەڵکو برسین کە بە بێ گەیشتنی خواردن پێیان لەبرسا دەمرن، ساڵانە 15 ملیۆن تەنها منداڵ لە برسا ژیان لەدەست دەدەن.
لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەردا بەدوای کۆبوونەوەی حەوت دەوڵەتە گەورەکەی جیهان کە بە ( G7) ناسراوە، کۆبوونەوەی خەزێنەدارانی (G20) یش بەسترا لە واشنتۆن، ئەم بیست دەوڵەتە کە لە 85% هەموو ئابووری جیهانیان لەژێر دەستدایە، تەنها لەماوەی یەک هەفتەدا نزیک بە (3) تریلیۆن دۆلاریان خستە خزمەت بانق و کۆمپانیا گەورەکانەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو 12 بلیۆنەی کە بۆ تێرکردنی برسییەکان لە مانگی پێنجی ئەمساڵدا بڕیاریان لەسەر دابوو کۆبکرێتەوە، تا مانگی ئۆکتۆبەر تەنها یەک بلیۆنی کۆکرابۆوە.

لەدەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕۆناڵد ڕەیگن و مارگرێت تاتشەر، لە ئەمریکا و بەریتانیا داڕێژەر و جێبەجێکەری سیاسەتی ( Small Government, Free Market)بوون، واتە بچووککردنەوەی هەرچی زیاتری حکومەت و پەرەپێدان و بەرەڵاکردنی بازاڕی ئازاد بە فرۆشتنی کەرتی گشتی بە کەرتی تایبەت، هەرچی مومتەلەکاتی دەوڵەت هەبوو فرۆشتیان و دایان بەسەرمایەداران و کردیانە کەرتی تایبەت.
هەرکاتێک IMF ( International Monetary Fund) سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ( World Bank) بانکی جیهانی قەرزیان دابێت بە هەر وڵاتێک، مەرجی سەرەکیان ئەوە بووە کە هەرچی زیاتر مومتەلەکاتی دەوڵەت بفرۆشێ و بیکاتە کەرتی تایبەت و خزمەتگوزاری گشتی کەمبکاتەوە، بەبێ جێبەجێکردنی ئەم مەرجە قەرز نەدراوە بە هیچ وڵاتێک. هەرچەندە ئەو وڵاتە هەژاربووبێت و پێویستی پێبووبێت.

ئێستا ئەزمەیەکی مالی کە سەرمایەداری تووشی بووە، لە مێژووی ئەم سیستەمەدا بێ پێشینەیە، ئەوەی کە لە 1929 تووشی هات و بە ( Great Depression) ناسراوە، ئەو داڕووخانەی ( Recession) کە لە 1987 دا تووشی بوو، وە ئەوەی کە لە 1997دا تووشی یابان و وڵاتانی تری ئاسیای ڕۆژهەڵات بوو، هێندەی ئەم ئەزمەیەی ئێستا قووڵ و گەورە و بەرفراوان نەبوو، وە ئەم داڕووخانەی ئێستا درێژماوەتر لە هەموو ئەوانی تر دەبێت.

ئەوە ڕاستە کە هەرکاتێک و لەهەر کوێی دنیادا، هەر دامەزراوە و بانق و کارگە و کانێک کە دەفرۆشرێت بە کەرتی تایبەت، بێکاری و چەوسانەوەی زیاتری کرێکاران و کەم بوونەوەی خزمەتگوزاری گشتی لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێت، چونکە سەرمایەداران و خاوەنانی تازەی ئەو دامەزراوە و کارگە و کانانە تەنها کەڵەکەکردنی قازانجی زیاتر میکانیزمی کارکردنیانە.
ئەوەی کە ئێستا سەرانی دەوڵەتانی بۆرژوازی دنیا ( G20) ئەیکەن{کە درێژەپێدەرانی ڕێبازی ڕەیگن و تاتچەر}ن کە کڕینەوەی (خۆماڵیکردنی) بانق و دامەزراوە گەورەکانە و ئەیکەنەوە بە کەرتی گشتی، واتە (سەرمایەداری دەوڵەتی)، بەڵام ئەم مۆدیلە لە خاوەنداریێتی بۆرژوازی شکستی خوارد بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤێتی جاران، کە هەر خودی بەرگریکارانی بازاڕی ئازاد ئیعلانی ڕوخانیان کرد لە ساڵی 1991دا.
ئەڵتەرناتیڤ و ڕێگەچارەی ئەم بنبەست و داڕووخانەی بازاڕی ئازاد، گەڕانەوە بۆ تاقیکردنەوە شکستخواردووەکەی سەرمایەداری دەوڵەتی نییە، بەڵکو تەنها سۆشیالیزم و شێوەی بەرهەمهێنانی سۆشیالیستییە، ڕێگەچارە تەنها هەڵوەشانەوەی کاری کرێگرتە و نەهێشتنی خاوەنداریێتی بۆرژوازییە.

بیرمەندان و ژورنالیستانی بەرگریکەر لە بازاڕی ئازاد، هۆکاری ئەم داڕووخان و ئەزمەیەی ئێستا زۆر هەدەفمەندانە و ساویلکانە تەنها ئەگێڕنەوە بۆ خۆپەرستی و چاوچنۆکی و تەماع و بێمۆراڵی سەرۆک و بەڕێوەبەرانی ئەو بانق و دامەزراوانە کە ساڵانە مووچەکانیان دەیان و سەدان ملیۆن دۆلار بووە.
سەرۆک وەزیرانی ئوسترالیا Kevin Rudd وتی کە هۆکار Extreme Capitalism)ە واتە سەرمایەداری توندڕەو بووە، سەرۆکی IMF( Dominique Strauss-Khan ) (کە لە حیزبی سۆشیالیستی فەرەنسا وەزیری مالی پێشووی فەرەنسا بوو) وتی کە ئەم ئەزمەیەی ئێستا هەموو سیستەمی مالی جیهانی لەسەر لێواری توانەوە داناوە.

لەم قەیرانەدا، لەنێو وڵاتانی ئەورووپادا، بەریتانیا زیانلێکەوتووترینیانە، بەهۆی ئەوەی زۆر نزیک بووە لە ئەمریکا و هەموو سیاسەتەکانی ئەمریکای پەیڕەوکردووە هەر لەسەردەمی تاتچەرەوە. ئێستا سەرانی بۆرژوازی دنیا دانبەوەدائەنێن کە هۆکارێکی تر سیاسەتی (Deregulation) بووە کە پەیڕەویانکردووە لە ڕابردوودا، واتە نەبوونی هیچ یاسا و قەیدوبەند و چوارچێوەیەکی کارکردن و لێپرسینەوە بۆ دامەزراوە گەورەکان و بازاڕی ئازادیان هۆکارێکی تری ئەم ئەزمەیەیە. هەر لەم بازاڕی ئازادەدا ئەگەر کرێکارێکی وڵاتانی تر بێتەناوی ، سەرەڕای ئەوەی بە کرێیەکی کەم ئەچەوسێندرێتەوە، هەزار و یەک بەربەست و ڕێگری لەبەردەم کۆچکردنی کرێکاراندا دروستدەکرێت و ( Regulate) دەکرێت، بەڵام بۆ سەرمایەداران و بازاڕی ئازادیان هەموو دنیایان لە ژێردەستدایە و لەکوێی دنیادا چەوسانەوەی زیاتری کرێکاران و هێزی کاری هەرزانیان دەستکەوێت سەرمایەکانیان ئەهێنن و ئەبەن وە هیچ سنور و بەربەستێک نییە لەبەردەمیاندا.

لە گەرمەی ئەم ئەزمەیەدا لە ئەمریکادا هەر ڕۆژی نۆ هەزار خێزان ناچارن خانووەکانیان چۆڵ بکەن و کلیلەکانیان تەسلیم بە بانق بکەنەوە، ئەمریکا تەنها لە باجێتی ئەم ساڵیدا نیو تریلیۆن دۆلار کەمی هێناوە وە بۆ چەندین ساڵی تریش پارسەنگی هەر ئاوا ڕوو لەخواردەبێت ( Budget Deficit)، ئەمە لە کاتێکدا کە چین ئێستا 2 تریلیۆن دۆلاری یەدەگی هەیە، بە قسەی شیکارانی سیاسی، خودی بۆرژوازی خۆی، ئەمریکا لانی زۆر تا کۆتای بیستەکانی ئەم سەدەیە ئەتوانێت سەرۆکایەتی بۆرژوازی جیهانی بکات و چین جێگەی دەگرێتەوە. هەروەک چۆن لەدوای جەنگی جیهانی دووەم ئەمریکا لە جیاتی بەریتانیا سەرۆکایەتی بۆرژوازی جیهان و پۆلیسێتی جیهانی کردووە، ئێستاش ئەگەر ئەم سەرۆکایەتیکردنە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت لە نیو وڵاتانی بۆرژوازیدا، ئەمە هیچ لە پێویستی خەباتی چینی کرێکار بۆ لەگۆڕنانی ئەم سیستەمە و بنیاتنانی سۆشیالیزم کەم ناکاتەوە.
27/10/2008

# سەرمایەداری بە دەستی خۆی بۆ خۆی گۆڕهەڵدەکەنێ! دەکرێ شایەتی شۆڕشێکی تر بین؟

**سیروان ئەمین**



قەیرانی بانکەکانی ئەمریکا و بە تایبەتی بەشی خانوبەرە وەک تسۆنامی سەرەتا ئەمریکاو دواتریش ئەوروپا و ئاسیاشی گرتەوە. لە شەو و ڕۆژێکدا بۆچون و دیدی دونیا لێڵ بوو و گەورە سەرمایەدارەکان هاواریان لێ هەڵسا.

لەیمەن برازەر یەکەم بانک ئفلاسی کرد و وەک یاری دۆمینۆ بە پشتا کەوت و ئەوانی تریش بەدوایدا، سەرەتا باسەکە ئەوە بوو کە خەتای بانکەکانی بەشی خانووبەرەن کە قەرزیان زۆر داوە باخەڵک لە کاتی ڕەونەقی خانووبەرەدا بە سودێکی زۆر کە خەڵک ئێستا توانای دانەوەی قەرزەکانیان نییە و دەست بەسەراگرتنی خانوەکانیش لە لایەن بانکەکانەوە قوڕەکە خەستتر دەکات خانوەکان نیوەی نرخەکانی خۆیان ناکەنەوە، هیچ بانکێکیش قەرز نادا بەوی تر و لە یەکتر دڵنیا نین، بێ متمانەی و دڵەڕاوکێ کەوتە نێوان سەرمایەدار و خاوەن بانکەکانەوە. دەسەڵاتدارانی ئەمریکا کە تا دوێنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیان بەوە تاوانبار دەکرد کە کۆنترۆڵی بازار دەکەن و دەست دەخەنە ناو کاروباری بازاڕەوە و بە کاریکی ناڕەوایان لە قەڵەم دەدا کەچی خۆیان کەوتنە پشتیوانیکردنی بانکەکان و بە سەدان ملیار دۆلاریان خستە خزمەت بانکەکانەوە، چونکە قەیرانی بانکەکان ڕاستەوخۆ قەیرانی سەرمایەداری و ڕژێمەکەی دەگەیەنێ.

بێ گومان ئەو پارەیەش دەوڵەت دەیخاتە سەر بانکەکان پاری باج و خەراجێکە کە لەخەڵکی هەژار و کریکار کۆی کردۆتەوە، خەڵک کە لە بانکەکان تەنها لە زیان و نەگبەتی زیاتریان نەچنیوەتەوە کە چی دەبێ باجی داڕوخان و ئیفلاسیان ئەوان بیدەن. سەرانی ئەمریکا و بەریتانیا ئەوروپا بە ڕوسیاشەوە ئەگەر ئەو پارەیەی کە بۆ بانکەکانیان تەرخانکرد لە شەو ڕۆژێکدا بۆ خەڵکیان سەرف بکردایە بە دڵنیاوە لانی کەم لە ئەمریکادا گرانی و برسێتیان بن بڕ دەکرد، بەڵام ئەوان کاریان بە خەڵکی کەم درامەتەوە نییە و تەنها لە پشت خاوەن بانکەکانەوەن.

قەیرانەکە تا ئێستا بەردەوامەو ئەو هەموو پارەیەش کە نزیکە 4-3 ترلێۆن دۆلارە دەورێکی ئەوتۆی نەبووە جارێ، ڕەنگە سەرمایەداران هەرچۆنێک بێت ئەمجارەش قەیرانەکە بەسەر خەڵکی کریکار و زەحمەتکێشی دونیادا ساغ کەنەوە، بەڵام دەرکەوت ئەبەدی و تا هەتایی دونیای سەرمایەداری درۆیەکی شاخدارەو هیچ بنەمایەکی زانستی نییە.

جۆرج بۆشی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمرکا دوێنی ڕایگەیاند و وتی دەبێ دەسبەرداری پرنسیپەکانی سەرمایەداری بین وەک هەڕەشەیەک لە پێشنیاری هەندێ لە وڵاتانی تر وەک فەرەنسا کە داوای مۆدێلێکی تازەی ئابوری دەکەن کە پێ دەچێ ئەمریکا جێگای خۆی وەک زلهێزیکی جیهانی نەمێنێتەوە.

ئایە دەکرێ شایەدی شۆڕشێکی تر بین؟

قەیرانی ئەم جارەی سەرمایەداری ئەوەندە کوت و پڕ و جەرگبڕ بوو ئومێد بە نەمان و سەر و ژێرکردنی سەرمایەداری زیاتر کردەوە، دونیاش دونیایەکەی جاران نییە تا هەواڵێ لە ئیرانەوە بگاتە عێراق سێ مانگ بخایەنێ، سەرمایەو تەکنۆلۆجیا دونیایان وا بچوک کردۆتەوە نەک دێیەک بگرە هەموو دونیا لە کۆمپیوتەرێکدا جێی دەبێتەوە و ئەوەندەی خێرایی روناکی هەواڵەکان دەگەن و بەڕادەیەکی ئێجگار زۆریش بازاڕ و ئابوری و ئەوزاعی سیاسی جیهان کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە.

تەقینەوە و هەڵچوون تەنانەت زوڵم ستەمیش کاریگەری جیهانیان هەیە و هیچ سنورێک ناتوانێ ڕێگر بێت لە بەردەم هەر ئاڵوگۆڕێکدا تەنانەت دیوارەکانی چنیش وەک ئەم جارەیان ڕویدا.

کێ دەتوانێ ئاڵ و گۆڕ دروست بکات؟ وەک ئاشکرایە دەبێ هێزێکی بەرهەڵست و شۆڕشگێر بەو کارە هەڵسێت کە ڕەقیبی سەرمایەدارییە ئەویش هێزی چەپ و کۆمۆنیستەکانی دونیایە، بەڵام ئەمرۆ ئەو هێزە بەو فراوانیە و بەو ڕێکخراویە لە مەیداندا نییە و غایبە، چەپ و کۆمۆنیزم بەو حاڵەی ئێستا هەیانە لە جیهاندا لە ئاستی ئەو کارەدا نین و توانای ئەنجامدانی ئەو شۆڕشە مەزنەیان نییە، چینی کرێکار بێ ڕابەریکی کارا بەتەنیا ناتوانێ هیچ بێت، هەر بۆیە لەسەر کۆمۆنیستەکانە و بە تایبەتی ئەوانەی تا ئێستا پابەندی تیۆری مارکس و مارکسیزمن خۆیان لە پەرتەوازەیی و پارچەپارچەیە ڕزگار بکەن و ڕێکخراوی توند و تۆڵی خۆیان دروست بکەن ببنە پێشەواو نەواتی بزوتنەوەیەکی بەرفراوان.

ستەم و زوڵم هەیە، نەداری و شەڕ هەیە، برسێتی هەیە، ناڕەزایەتی هەیە، قەیرانیش هاتە سەری، واتە سەرەڕایی هەرچی درۆ و تەبلیغاتی سەرمایەدارییە کەچی کەشی سیاسی جیهان خەریکە جارێکی تر دەبێتە کەشێکی وا کە چانسی ئاڵ و گۆڕ و داتەپینی سەرمایەداری زیاتر بکات ، بەڵام خۆش خەیاڵ نەبین لە خۆمانەوە، بێ هێزی چینی کرێکاروحیزبەکەی، بی ڕێکخراو بوون ڕاوەستان لە مەیداندا هیچ ئاڵ و گۆڕیک ئیمکانی نیەو نایەتە دی.

*مارکس

# گفتوگۆ لەگەڵ (ڕێبوار ئەحمەد) لەسەر تەرحی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک ودەقی تەرحەکە

**بەشی دووەم و کۆتایی**



**ئۆکتۆبەر: بەدەر لەوەی کە تەرحی فیدرالیزم شکستی خواردوە یان نا؟ عەمەلییە یان نا؟ ئێوە وتتان مانای عەمەلی فیدرالیزم بریتیە لە رەسمیەتدان بە نابەرابەری سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی لە نێوان هاوڵاتیان لەسەر بناغەی ناسنامەی قەومی. فیدرالیزم زەمینە دەخولقینێ بۆ شەرو کیشەو پاکسازی قەومی لە ناوچە جیاجیاکانی ولات. بریک ئەمە رونتر بکەنەوە، چۆن وایەو ئایا دەکریت ئەمە بە نمونە نیشانبدەن؟**

**ریبوار ئەحمەد:** زۆر سادەیە کاتێک قەومیەتیان کرد بە مەقولەیەکی سەرەکی و ناسنامەی قەومیان دا لەیەخەی هاولاتیان و لەسەر بناغەی قەومی دابەشیانکردن و هەر لەسەر ئەم بناغەیەش مافیان بۆ دیاریکردن، ئەوکات دیارە قەومیەتی گەورەتر ماف و بەشی زیاتری لە قەومیەتی بچوکتری پێدەبریت. ئیتر ناکرێت بلێی هەموو هاولاتیان لەسەر بناغەی هاولاتی بوون مافی یەکسانیان هەیە. لە واقعدا ئیتر هاولاتی وەکو مەقولەیەکی سەرەکی مانای نامینێ و جیگای خۆی دەدات بە قەومیەت. هەرکەس سەر بە هەر قەومیک بێت مافی هاولاتی بوونی هەڵدەپیکرێ بە جێگاو ڕێگای قەومەکەیەوە "قەومی زۆربە، قەومی دووەم، کەمایەتیە قەومیەکان..هتد". ئەمانە ئیتر ناکرێ پێیان بوترێت هاولاتی یەکسان. ئەم جیاوازی و نایەکسانیەش ئەبعادی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و تەنانەت فەرهەنگیشی دەبێت.

ئەگەر ئەم واقعیەتە لەبەرچاوبگرین ئەوکات ئەوەش زۆر سادەیە کە ئەگەر دانیشتوانی ولاتیک دەستەبەندی بکرین بۆ قەومیەتی جیاجیاو بۆ هەرکامیان پلەوپایەیەک دابنرێت. پاشان هەر لە چوارچیوەی ئەو ولاتەدا، دوای بۆ نمونە ئەو کیشمەکیشەی لەم چەند سالەی عیراقدا بینیمان، بەش و ماف و سەرزەمین و قەلەمرەوی هەر هەرێمێکی قەومی دیارییکرێت، ئەوە دیسان هەروەکو ئەم چەند سالە بینیمان، ئەم هەریمانە بەردەوام لە کیشە دەبن لەگەل یەکتر بۆ ئەوەی لەسەر حسابی یەکتر ماف و قەلەمرەوی دەسەلاتی خۆیان فراوانتر بکەنەوە. ئەمە بنەمای شەری قەومی و تەنانەت لە کاتی خۆیدا پاکسازی قەومیە، بۆ ئەوەی هەر قەومیک بەشیک لەسەر زەمینی قەومەکەی تر بۆ خۆی بپچریت. بەرجەستەترین تەجروبەو نمونەی ئەمە ولاتانی ئەوروپای شەرقی بوو، کە لەگەل هەرەسی بلۆکی شەرق و لیکترازانی هاوکیشە لەنگەرگرتوەکاندا، هەریمەکانی ناو هەر ولاتە لەسەر بناغەی قەومی کەوتنە گیانی یەکتری و چەند نمونە لە تالترین و درندانەترین شەری پاکسازی قەومیان بەرپاکرد. سەرنجدانەوەیەک لە شەرو کوشتاری نیوان هەریمەکانی یوگسلافیای پێشوو بەسە بۆ روونکردنەوەی ئەبعادی خەتەرناک و کۆنەپەرستانەی فیدرالیزم. هەروەها خویندنەوەی نوسراوەکانی منسور حکمت لەسەر فیدرالیزم بەراستی روونکردنەوەو دەرسی زۆر پربایەخی تیدایە.

لەم چەند سالەی عیراقیشدا، لەوکاتەوە فیدرالیزم لەلایەن هیزە ناسیونالیستەکانەوە بەرجەستەکراوەو قەومیەت کراوە بە ناسنامەو مەقولەیەکی سەرەکی، دەبینین پرۆسەیەکی فراوان لە نەتەوەسازی دەستی پیکردوەو چەندین "نەتەوە"ی تازە قوتکراونەتەوە وەکو .. شەبەک، یەزیدی، هەورامی، کلدو ئاشور...، کە پیشتر ئیمە شاهیدی ئەم جۆرە "نەتەوانە" نەبووین.." هەر یەک لەمانەش لەلایەن دەستسازەکانیەوە بۆ ئەوە دروستکراون کە بەپێی ناسنامەی قەومی و فیدرالیزم، جیگاوریگاو گۆشەیەک لە دەسەلاتیان بەرکەویت.

**ئۆکتۆبەر: مەسەلەیەکی گرنگ کە لەم تەرحەدا هاتووە باسی مامەلەکردنە لەگەل داهاتی نەوتی ئەم شارە. لەم بارەیەوە باسی ئەوە کراوە کە داهاتی نەوت دابەش بکریت لە نیوان هەردوو دەولەتی سەربەخۆی کوردستان و دەولەتی مەرکەزی و بەشیکیشی بۆ خزمەتگوزاری شارەکە. بنەمای ئەمە چییە؟ هەروەها چەندە ئەوە مەسەلەیەکی واقعی و معقولە کە ئەم شارە سەرئەنجام ببێتە شاری یەکیک لەو دوو دەولەتە بەلام بەشیک لە داهاتی نەوتەکەی بدریت بەوی تریان؟**

**ریبوار ئەحمەد:** بەبڕوای من هونەریکی سیاسی گەورە لەم مەسەلەیەدا هەیە. ئەوەی کە کەرکوک سەرچاوەیەکی نەوتی گەورەیە، هۆیەکی سەرەکیە لە قولکردنەوەی کیشەی ئەم شارە، داهاتی نەوتی ئەم شارە یەکیکە لە هۆیە سەرەکیەکانی ئەوەی کە سالەهایە لەسەری کیشمەکیش دەکریت. بەپێی مەنتق ئەگەر ژیرپێی خەلکیک ببیتە سەرچاوەی نەوت دەبی ئەمە ببیتە مایەی بەختەوەری بۆ ئەو خەلکە. بەلام بۆ دانیشتوانی کەرکوک ئەم مەسەلەیە بە پیچەوانەوە بوەتە مایەی دەردەسەری لەرادەبەدەر. جا ئەگەر بە هونەریکی سیاسی ئەم مەسەلەیە چارەسەر نەکریت، بۆ سالەهای تریش ئەو داهاتی نەوتە لە جیاتی بەختەوەری مایەی دەردەسەری دەبیت بۆ خەلکی ئەم شارە. بۆیە بەرای من کلیلی ریگاچارەی گونجاو بۆ ئەم کێشمەکێشە ئەوەیە کە چارەنوسی دانیشتوانی ئەم شارە لە داهاتی نەوت جیابکریتەوەو بەوەوە گرێ نەدریت.

بۆیە ئەگەر ریگایەکی بەیناوبەینی بۆ چارەسەری کیشە لەسەر داهاتی نەوت دانەنریت، چاوبرینی هەرلایەک لەم داهاتە عاملیکی گەورە دەبیت بۆ ریگری دروستکردن و ناکامکردنەوەی هەر ریگاچارەیەک کە بۆ ئەم کیشەیە بخریتە روو. راستیەک هەیە دەبی لەبەرچاوی بگرین، هیچ بەلگەو مەنتقیک نییە وا لە دەولەتی مەرکەزی عەرەبی عیراق بکات کە دەست لە داهاتی نەوتی کەرکوک هەلگریت. نە سەرژمیری 1957 نە سەرژمیری قەرنی 19 و نە تەنانەت ریفراندۆم و دەنگدانی خەلک. ئەم دەولەتە لەسەر بناغەی ئەوەی کە کەرکوک لە رۆژی دروستبونی دەولەتی عیراقەوە شاریکی سەر بەم دەولەتەو سەرچاوەیەکی نەوتی بووە بۆی، تا هیزی تیادا بیت بە چنگ و ددان دەستی پیوە دەگریت و شەری لەسەر دەکات. بۆ لایەنی بەرامبەریش دیسان بە هەمان شیوەیە. بۆیە تەنانەت بۆ کەمکردنەوەی حەساسیەتی هەردوولا و بوار رەخساندنی بۆ ملدانی بە ریگاچارەیەکی گونجاو بۆ کیشەی ئەم شارەو پیادەکردنی رای خەلکەکەی، باشتر وایە ریگایەکی سیاسی بەم جۆرە بگیریتەبەر، دەنا هەردەبی خەلک ببنە قوربانی نەوت.

ئەگەر چارەنوسی ئەم شارە بەپێی دانگدانی دانیشتوانەکەی دیاریبکریت، یان لەگەل دەولەتی مەرکەزی دەمینیتەوە یان دەکەویتە سەر دەولەتی سەربەخۆی کوردستان. ئەگەر خەلک دەنگبدەن بەوەی کە بکەویتە سەر دەولەتی سەربەخۆی کوردستان، لەم حالەتەدا ئەگەر مامەلەیەکی وردی بەو جۆرەی لە تەرحی حیزبدا هاتووە لەگەل ئەم مەسەلەیە نەکریت، دەولەتی مەرکەزی ئاخرین قەترەی توانای خۆی بەکاردەبات بۆ ریگری دروستکردن. ئەگەر ئەو لایەکەی تریشی وەرگرین، واتە ئەگەر لە ریفراندۆمدا خەلکی ئەم شارە دەنگبدەن بەمانەوە لەگەل دەولەتی مەرکەزی، ئەوکات دەولەتی سەربەخۆی کوردستان لەسەر بناغەی ئەم دەنگدانە بێبەش بیت لە داهاتی نەوتی کەرکوک، ئەوە هەر لەسەرەتاوە دوچاری ئاستەنگیکی گەورەی ئابوری دەبیت کە هەرەشە لە چارەنوسی دەکات. بۆیە ئەم دابەشکردنەی هەم بوار بۆ پیادەکردنی ریگاچاری گونجاوی کیشەی ئەم شارە دەکاتەوەو حەساسیەتی لایەنەکان کەمدەکاتەوە، هەم بەپێی واقعی ئیستا ریگایەکی مەنتقیەو هەردوولا وەکو میژووی دورودریژی رابردوو لەو داهاتە بەهرەمەند دەبن.

**ئۆکتۆبەر: ئەم تەرحەی حزب خستویەتیەروو بۆ کیشەی کەرکوک لە ئیستادا، هیشتنەوەی کەرکوکە بە بیلایەنی و مامەڵەکردنیەتی وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ. ئەمە لە کاتێکدایە کە تاڵەبانی لەسەفەری ئەمجارەیدا لە نیۆرک لەوەلامی نوسەرو رۆژنامەنووسی ناسراوی تورک "جەنگیز چاندار" سەبارەت بە ریگاچارەی گونجاو بۆ کیشەی کەرکوک دەلێت" کەرکوک وەکو هەریمێکی سەربەخۆ رابگەیەنریت، چەند سالیک بەم شیوەیە بمینیتەوە پاش ئەوە بریار بدریت کە هەر وابمینیتەوە یان نا" هەروەها بەهەمان شیوە ریاز ساری سەرۆکی حزبی تورکمان ئیلی دەلێت" ئیمە وەکو تورکمان پیمان باشە کەرکوک بۆماوەی 8 سال ببیت هەریمیکی سەربەخۆ ... ئایا ئەو تەرحەی ئیوە چ جیاوازیەکی لەگەل تەرحی تالەبانی و تورکمان ئیلی هەیە؟**

**ریبوار ئەحمەد:** لە پیشدا ئەوە بلیم کە ئەم تەرحەی حیزبی ئیمە، بەرادەی سەرەکی بریتی نییە لە ریگاچارەیەکی کاتی بۆ

بۆ ل7

# چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد فاتح بەڕێوەبەری گشتی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان



**سازدانی: بەشدار عەلی**

**بەشی دووەم و کۆتایی**

***ئۆکتۆبەر:بە بڕوای تۆ سیستەم و پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان چەندە کاریگەری هەبوە لەسەر دروستکردنی نەوەیەکی ناتەندروست و بێ جوڵە و داهێنان و یەخسیر و قسەنەکەر....؟***

**شێرزاد فاتیح:** وەڵامی ئەم پرسیارە قسەو ڕونکردنەوەی زۆرهەڵدەگرێت و کێشەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، یەکێکە لەکێشە سەرەکی و ئاڵۆزەکان. پرۆگرامەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە قۆناغە جیاجیاکانی پەروەردەدا، دەرهاویشتەی سیاسیەت و ئایدیای دەسەڵاتە بۆ پەروەردەو فێرکردنی منداڵان.. دیارە هەر ئەم ئایدیاو فەلسەفەیە لە پرۆگرامەکانی خوێندن، وە بە گشتی لەپەروەردەو فێرکردندا ڕەنگی دەداتەوە. زۆر لایەنی گرنگ هەن کە لەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا جێگای خاڵییە، یەکێك لەوانە جێگەو ڕێگەی خودی منداڵان خۆیان لەم پرۆسەیەدا، منداڵ لەم پرۆسەیەدا central(نێوەند، مەرکەزی) نییەو جێگەی گرنگی دانی سەرەکی نییە. شێوازی پەروەردەو فێرکردن، شێوازێکی پڕ لە توندو تیژی نا مرۆییانەیە، هەست و خواستی منداڵان، بیر کردنەوەو لێکدانەوەکانیان جێگەی پێشوازی و پشتیوانی گەورەکان و فێرکەران نییە، سیستەمی ئیداری و بەڕێوەبردن، کاتەکانی خوێندن، پرۆگرامەکانی ڕۆژانەی خوێندنی منداڵان هەمووی سەقەت و نادروستن، دژی بەرژەوەندی منداڵان و پەروەردەیەکی تەندروست و مۆدێرنن.

بەهەر حاڵ، لەم پەروەردەیەی ئێستادا، ئاشکرایە کە نەوەیەکی توندوتیژ، پەروەردە کراو بە کۆنەپەرستی مەزهەبی و نەتەوەچێتی، گۆشەگیری و نەزانی، هەموو ئەمانە گۆشەیەکن لە کاریگەرییەکان و بەم پێیەیەش دواڕۆژێکی خراپ و ناپرشنگدار و دواکەوتوو بە دەستی نەوەیەك کە سەقەت پەروەردە کراون بونیاد دەنرێت.

***ئۆکتۆبەر: لە کۆتاییدا ئەگەر شتێك بە پێویستی دەزانی بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی منالان ....***

**شێرزاد فاتیح:** شتێك کە دەمەوێت کورت ئیشارەتی پێبدەم ئەوەیە کە، بە بڕوای ئێمە زۆر گرنگە کار لەسەر گۆڕینی عەقڵییەت و تێڕوانین کۆمەڵگاو دەسەڵات بکەیت سەبارەت بە منداڵان، وە سەبارەت بە پەروەردەی منداڵان و چۆنێتی هەڵس و کەوت و مامەڵە کردن لەتەك مناڵاندا. ئەمە خاڵی سەرەکی وەرچەرخانە بەلای ئاوڕدانەوە بۆ لای منداڵان و گرنگی پێدانیان، ئیتر لێرەوەیە ئەگەر منداڵ وەك ئەو مرۆڤە گرنگە چاو لێبکرێت کە لای سەرەوە باسمان کردن، ئیتر ئەو هەموو نەهامەتی و نەگبەتیە ڕوو لە منداڵان ناکات. بۆیە گەڕانەوە بۆ لای مافەکانی منداڵان، پێناسەکردنیان و دەستنیشان کردنی جێگەو ڕێگەی کۆمەڵایەتی شیاو بە منداڵان، چەند مەسەلەی سەرەکین و پێویستە کاریان لەسەر بکرێت. کە ئێمە وەکو سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان پرۆتۆکۆڵی یاسای مافەکانی منداڵانمان گەڵاڵەو ئامادە کردووەو دەمانەوێت لە فرسەتێکی گونجاودا پێشکەش بە هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی بکەین، کاتێك یاسایەك هەبێت و بەرگری لە مافەکانی منداڵان بکات، لانی کەم چیتر هەوا ئاسان نابێت توندوتیژی لە دژی منداڵان ئەنجام بدرێت و مافەکانیان پێشێل بکرێت. هەر ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ گەڕانەوە بۆ گرنگیدان بە پەروەردەی منداڵان و فێرکردنیان بەفەرهەنگێکی نوێی مۆدێرن و هەنگاونان بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن.

ئۆکتۆبەر
OCTOBER
لەسەر سایت لەڕێگەی ئەم ناونیشانەوە بخوێننەوە:
Www.hkkurdistan.org



# شەڕی کوتلەکانی ناو یەکێتی شەڕ لەسەر گەندەڵی نیە، شەرە لەسەر سەرمایەیەك کە بەگەندەڵی بەرهەم هاتووە

## چاوپێکەوتنی ئۆکتۆبەر لەگەڵ عوسمان حاجی مارف سکرتێری کۆمیتە ناوەندی حزب

سازدانی: خەسرەو سایە

**ئۆکتۆبەر: کێشە دەرونیەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئاستی رابەریاندا ماوەیەکە بەرچاوترو گەورەتر خۆیان نیشان ئەدەن، ئاستی ململانێی نیوان کوتلەکانیش لە بری باسکردن لەچاکسازی خەریکە تا رادەی کەرت بون‌و جیابونەوەوپێکهینانی ڕێکخراوو حزبی تر هەنگاو دەنێت، زەمینەکان وپێشینەی ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەرێننەوەو بەتایبەتیش هۆی چیە کەلەئێستادا ئەم ئاستەو ئەم توندبوونەوەیەی بەخۆیەوە گرتووە.؟**

**عوسمان حاجی مارف:** هەڵبەتە ئەم کێشە دەرونیەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان کە سەرنجی خەلکی‌و میدیاکانی راکیشاوە، لە هەمان کاتدا بۆچون‌و لێکدانەوەی جیاواز لەسەریان بەیان دەکرێت، بیگومان مەسەلەیەکی حەساسەو باسی جدی هەلدەگری. چونکە پێم وایە گەشەی ناکۆکیەکانیان کارکردی لەسەر وەزعیەت‌و ژیانی خەلکی کوردستان دەبێت. بۆیە پیوستە مامەلەیەکی بە مەسئولانەی لە بەرامبەردا بکرێت کە خەلکی لە بەلاو ئاکامە خراپەکانی ئاگادارکەین‌و بپاریزین. باشتر وایە لەسەرەتادا خودی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك هێزێکی سیاسی لە ناو بزووتنەوەی کوردایەتی‌و مەوقعیەت‌و بەرژەوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانی لە ناو ئەو بزووتنەوەیەدا بناسێنین. دواتر لە دەوری یەکێتی نیشتمانی وەك حزبێکی دەسەلاتدار لە وەلامی بە مەسەلە سیاسیەکانی ئێستای کوردستانەوە بچینە ناو شەرو کیشە دەرونیەکانیەوە، کە دیارە باسەکە بەم شیوەیە زۆر هەلدەگرێت بۆیە هەول ئەدەم لەم بارەوە بەکورتی ئەوە بلێم کە لە ئیستادا ئەو ئختلافانە لە نیو یەکێتیدا بە ئاشکرا لەسەر دەسەلات‌و بەدەستەوە گرتنی مەوقعیەتی رابەریە بەدوای نەمانی دەوری جەلال تالەبانی لە رابەری کردنی یەکێتیدا، واتە شەرە بۆ دەسەلات‌و دابەشکردنی سەروەت‌و سامانێکە کە لە گەندەلیدا کەلەکەبووە، شەر لەسەر گەندەلی نیە، شەرە لەسەر سەرمایەیەك کەبە گەندەلی بەرهەم هاتووە.

ئەوەی بۆ ئێستا ئەم کێشانە وا پەرەی سەندووە تا لە لە حزوری خودی جەلال تالەبانیشدا تەقیوەتەوە؟، بە بۆچونی من پەیوەندی هەیە بە مەوقعیەتی سیاسی یەکێتیەوە لە کێشمەکێشی سیاسی ئێستاو چەند سالی رابردو لە کوردستاندا، مەبەستم ئەوەیە بەدوای روخانی حکومەتی بەعس ئالوگۆرێ کە لە عیراقدا پێشهات، پارتی دیموکراتی کوردستان توانی لە پێکهاتنی "حکومەتی کوردستان" دەوری سەرەکی‌و مەوقعیەتێکی بالاتر ببینێ، لەم نێوەدا یەکێتی نیشتمانی وەك هێزێکی ئۆپۆزیسیون لە بەرامبەر حکومەتی پارتیدا ڕاوەستا، ئەم مەوقعیەتە هەرچەندە دوای کێشمەکێشێکی درێژخایان‌و کارەسات بەسەر خەلکیداو بە سەر یەکیتیدا سەپینراوە، بۆ خۆی پاشەکشەیەکی سیاسی‌و شکستێکە، کە بە لێدانی گورزێك لە یەکێتی نیشتمانی حساب دەکرێت، ئاشکرایە ئەم وەزعیەتە یەکێتی دەخاتە ناو قەیرانێکی سیاسیەوەو کێشە دەرونیەکانی قولترو فراوانتر دەکاتەوە، کە ئەگەری مەترسی پاشەکشەی زیاترو شکستی زیاتر دەخاتە بەردەم ئایندەی چارەنوسی سیاسی یەکێتی نیشتمانی لە کوردستاندا، ئەمەش لە رەوتی پیادەکردنی ڕابەرانی یەکێتی بۆ کێشمەکێشی سیاسی لە بەرامبەر ئەحزابی سیاسی ترو بەتایبەتی پارتیدا دەخاتە بەردەم بۆچون‌و نەخشەی جیاوازەوە بۆ پاراستن‌و مانەوەی مەوقعیەتی یەکێتی‌و بەرژەوەندیەکانی وەك هێزێکی میلشیایی دەسەلاتدار، کە لە هەر هەلچون‌و داچونێکی تەرازویی هێزی یەکێتیدا کێشە دەرونیەکانیان لەسەر بنەماای بەرژەوەندی دەسەلاتی کتلەکان‌و دابەش کردنی سەرمایەو سامانی گەندەل قولترو خەتەر ناکتر دەبێت.

**ئۆکتۆبەر: بەلام هاوری عوسمان، نەوشیروان مستەفا وئەوانەی لەدەورین باس لە ریفۆرم وچاکسازی دەکەن، لەولاشەوە خەتی ڕەسمی یەکێتی بەبەرنامەو سیاسەتەکانی خۆیەوە لەمەیداندا هەموو دەسەلاتیکی بەدەستەوەیە، بەرای ئیوە ئەم کێشمەکێشانە پەیوەندیان بەژیانی خەلکەوەهەیە؟ بەواتایەکی تر دمانەوێت بلێین ناوەرۆکی ئەم کێشمەکێشە نێوخۆیانە لەسەر چیەو کاملایان لەسەر بەرژەوەندی خەڵك راوەستاون؟**

**عوسمان حاجی مارف:** هەڵبەتە لە چەند سالی رابردودا نەوشیروان مستەفا بانگەوازی ریفۆروم چاکسازی دەکات، بەلام تا ئیستا هیچ مەسەلەیەکی سیاسی جدی‌و تازەی لە بەرامبەر ئەوزاعی سیاسی کوردستان‌و وەلام بە ئایندەو چارەنوسی کوردستان‌و ژیانی خەلکی کوردستان‌و ئازادی سیاسیەوە مەترح نەکردووە، لەو بارەوە هیچ رەخنەو ئعترازێکیان لە یەکێتی نیە، بەلکو لە چوارچێوەی هەمان بەرژەوەندی بزوتنەوەی کوردایەتی‌و بەکارهێنانی کێشەی کورد بۆ بەرژەوەندی یەکێتی‌و دەسەلاتی یەکێتی بیر دەکەنەوە، پێم وایە ئەوەی کە نارازین زیاتر لە مەوقعیەتی لاوازی یەکێتیە لە بەرامبەر پارتیدا، هەروەها مانای جاکسازی لای نەوشیروان گۆرینی سەرکردایەتی یەکێتیە بەبێ بونی ئالوگۆر لە سیاسەتی یەکێتیدا، بە بەبێ بونی نەخشەو بەرنامەیەکی سیاسی، کە ئەمە جگە لە هەولدان بۆ خۆ زالکردن بە سەر سەرکردایەتی یەکێتی بۆ دەستبەسەراگرتنی سەروەت‌و سامانی یەکێتی شتیکی تری لێ بەدی ناکرێت. بۆیە ئەم کێشمەکێشانە نەك هەر پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکانی خەلکیەوە نیە بەلکو جیگای هیچ جۆرە ئومێد ئالوگۆڕێکی ئیجابی نیە. بگرە ئاکامی کێشمەکێشی نێوان کوتەلەکانی یەکێتی ئاکامێکی سەلبیی دەبێت لەسەر ژیانی خەلکی، چونکە گەر یەکێتی نیشتمانی وەك هیزێکی ناسیۆنالستی میلشیایی بناسێنین ئەوە لێکدانەوەمان فەرق دەکات لەگەل ئەوانەی بە لایەنێکی دیموکراتیخواز یا سوشیال دیموکرات یەکێتی دەناسێنن. ناسینەوەی یەکێتی وەك بیرکردنەوەی لایەنی دووەم دەمان خاتە ناو گیژاوو مامەلەیەکی ناواقعی‌و تەوەهەمەوە کە ناتوانین خۆمان لە ئاکامە سەلبیەکانی پێکدادانی ریزەکانی بپاریزین، دەکەوینە حزمەت بە یەکێك لەو لایەنانەی کە شەر لەسەر بەدەستەوە گرتنی سەرکردایەتی یەکێتی دەکات تا بەشی شێر بگەرێننەوە بۆ ژێردەستی خۆیان. مەبەستم ئەوەیە یەکێتی نیشتمانی وەك هێزێکی ناسیۆنالستی میلیشیایی بە هەموو کتلەکانیەوە وجودی هەیەو دەسەلاتی خۆیان سەپاندووە بەسەر بەشیکی کوردستاندا، چارەنوسی ناوچەی ژێردەسەلاتی خۆی گرێداوە بە بەرژەوەندییە سیاسیەکانی هێزەکەیەوەو بە ئاسانی دەستبەرداری نابن‌و بۆتە سەرچاوەیکی گرنگی سەپاندنی گەندەلی، هەر بۆیە کێشەو شەڕی نێوان خۆیان لە پەیوەند بە چارەنوسی کوردستان‌و بەرژەوەندی خەلکەوەنییە، کێشەیان لەسەر دابەشکردنی سامانی گەندەلیە کە بۆتە سەروەت‌و سامانێکی خەیالی بۆیان.

لە هەمان کاتدا دەبێت زۆر بەسادەیی چاوەروانی مەترسی کارکردی کێشەی ناوخۆی یەکێتی لەسەر ژیانی خەلکی بکەین، چونکە وەك پیشتر ئاماژەم پیدا یەکێتی هێزێکی میلشیاییە، زۆر ئاساییە ئاستی قولبونەوە کێشەی نێوان خۆیان بگاتە شەری چەکداری، چونکە ئەمە ئەزمون‌و عەقلیەتی هێزە میلشییایەکانە.

**ئۆکتۆبەر: بەمدوایەنە وەك ئاخرین حالەت کۆمەلەکادرێکی یەکێتی لەلەندەن ڕەوتی"ڕەگ"یان بەناوی چاکسازی و گۆررانەوە لەسیاسەتی‌و سەرکردایەتی یەکێتیدا ڕاگەیاند ولەولاشەوە مەکتەبی سیاسی یەکیتی بریاری دەرکردنی دان.. ئێوە لەهەردووەرەوە چ لێکدانەوەیەکتان بۆ ئەم رووداوە هەیە؟**

**عوسمان حاجی مارف:** بەراستی ئەوەی من لە رەوتی "ڕەگ" حالی بوم مەبەستیان لە جاکسازی تەنها گۆرانی سەرکردایەتی یەکتیە، کە لە باری سیاسیەوە وەك کتلەکەی نەوشیروان مەسەلەیکی جدیان مەترح نەکردووەو نەم بیستووە، بەجیا لەوەی نەزەری من لەسەر سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی چییە، هەروەها ڕەوتی "ڕەك" بە هەر جۆریك بیر دەکەنەوە. بەداخەوە وەك ئەندامانی یەکێتی لە باری بەرخوردیان بە سەرکردایەتیەکەیان فەرامۆشی باری ئسولی ڕێکخراوەییان کردووە، شێوازی نامەدەنی‌و نامۆدیرنانەیان گرتە بەر، هەر کەسێك تا ئەو کاتەی ئەندامە لە حزبێکدا ماف‌و ئلتزامی هەیە، حزبەکەی پەیڕەوەی ناوخۆی هەیە، ئسولی ڕێکخراوەی هەیە، کۆنگرەی هەیە، کۆبونەوەی کۆمیتە بالاکانی هەیە.., پێوستە ڕێگەی ئسولی بۆ رەخنەکان بگریتە بەرو پەیرەوەی لە ڕای زۆرینەی سەرکردایەتیکەی بکات، ئحترامی ئەندام بونی خۆی لەو حزبەدا راگرێت، بەلام گەر لە کاتیکدا حزبەکەو ڕابەرکەی قەبول نیە، ڕێگای ئسولی ئەوەیە واز لە ئەندام بونی خۆی بهێنێ‌و ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر. ڕەوتی "ڕەگ" بەو ڕەوالەدا هەنگاویان نەنا، ڕەوتی شکاندنی سونەتی حزبین، حزبیەت کەم بایەخ دەکەن کە ئەمەشە بۆ خۆی ڕەوتیکەو بە زەحمەت لە ناو حزبدا جێگەیان دەبێتەوە، دواتریش خۆیان حزبیان بۆ پێك نایەت‌و لیبرالانە بەرخورد دەکەن، دیارە سەرکردایەتی یەکێتی لەو بارەوە ئسول‌و پەیڕەوو بریاری خۆیان هەیە، وەلامەکەیان مەسەلەیەکی تەشکیلاتیە.

**ئۆکتۆبەر: ئاکامەکانی ئەم کێشمەکێشە بەکوێ دەگات وتاچەند مەترسی پێکدادانی چەکداری نێوکوتلەکان ئیحتمالی سەرهەلدانیان هەیە؟ بەبارێکیتردا تاچەند ڕەوتی ئەم کێشمەکێشانە کاریگەری دەبێت لەسەر ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی لەکۆمەڵگا و تێکچوونی ئەمنەیەتی خەڵك؟**

**عوسمان حاجی مارف:** هەروەك پێشتر باسم کرد هیچ دوور نیە ئاستی ململانێی هێزە میلشیایەکان بگاتە ئاستی شەری چەکداری، کە هەر ئێستا جۆری نوسراوو ڕەخنەو بەرخوردیان بەرامبەر یەکتر نا مەدەنیانەیەو هەڕەشەیە لە یەکترو بۆنی شەڕی لێ دێت، بەلام ئایا بەم زوانە کاریان دەگاتە پەلاماری یەکتر، پێم وایە لە ئێستادا خۆیان ڕادەگرن‌و هەولئەدەن لە حزوری جەلال تالەبانیدا پەنا نەبەنە بەر کوشتاری نێوان یەکتر، لەبەر ئەوەی تا ئێستا نەیان توانیەوە دەوری جەلال تالەبانی لە سەرۆکایەتی‌و بەرێوەبردنی یەکێتی نیشتمانی دووربخەنەوە، جەلال تالەبانی تائێستا ئەو کەسایەتیەیە کە توانیویەتی ئەم هێزە میلشیاییەو کوتلەکانی لە بەرامبەر هەر هەلبەزو دابەزێکی سیاسی‌و کۆمەلایەتدا تەوازن پیبدات، بەلام کێشەکە زیاتر بەدوای نەمانی دەوری جەلال تالەبانی پێچیدە دەبێت‌و گێژاوی تەوازن ڕاگرتنی نێوان کوتلەکان سەخت دێتە پێشەوە، پێشبینی ئەوە ناکرێ کە هیچ کام لەو کوتلانە بتوان لەڕێگە ئوسلی ریکخراوەیی‌و دایەلۆك‌و نەخشەی سیاسیەوە ئنسجامی ریزەکانی یەکێتی راگرن، نمونەی نەوشیروان مستەفا کە هەمیشە بە شەخسی دووەمی یەکێتی ناسراوەو ئێستا ڕەوتی جاکسازی لە بەرامبەر ڕابەری یەکێتدا پیادە دەکات، نەك ڕێگەیەکی وەهای نەگرتۆتە بەر کە رەوتی کێشەکان بە شێوازێکی مۆدیرن‌و ئوسلی حزبایەتی بەریوە بەرێت، بەلکو بۆنی هەڕەشەو مەترسی بەرەوڕووبونەوەی شەری چەکداری دەخاتە پێش چاومان، بەجیا لەوەش هەر لە ئێستەوە دەلێت (پرسیارەکان سەختن، وەلامەکانیشیان سەختترن)، تەواوی ڕەخنەکانی بەتایبەتی لە گەندەلی‌و تەرحی جاکسازیەکەی لە چوار چێوەی مانەوەو پاراستنی هێزی میلشیایی‌و دەسەلاتی ئەحزابدایە، هەروەها لە ناو یەکێتیدا مەیەلێکە لە بونی کیشەی ئختلافاتدا لە هەموو کەس زیاتر پەنا دەبا بۆ شەری چەکداری، بە کورتی شەرو کوشتاری نیوان کوتلەکانی یەکێتی پێشبینی دەکرێت، خەسارەتی یەکەمیش خەلکی کوردستانەو، دووبارە خەلکی دەبنەوە قوربانی سیاسەت‌و کێشمەکێش‌و بەرژەوندیەکانی ئەحزابی ناسۆنالستی کوردستان، فەزای کۆمەلگە دەخەنە دۆخی جەنگ‌و نائەمنی‌و پێشێلکردنی زیاتری هەناسەی ئازادی سیاسی.

**ئۆکتۆبەر: حزب چۆن مامەلە لەگەل ئەم کێشمەکێشانە دەکات وهاوکات دەبێ خەلك و لایەنەکانی تر چ هەلۆیستێك لەخۆبگرن؟**

**عوسمان حاجی مارف:** پێش هەموو شتێك پێویستە بەگشتی خەلکی هوشیار کەینەوە لە مەترسی گەشەسەندنی ئەم کێشمەکێشەو ئاکامەکانی، کە خۆیان لە تەوەهم‌و خەیالاتی کوتلەکان بە دوور بگرن‌و نەبنە کەرەسەی بەهێز کردنی هیچ لایەنێك‌و خۆیان لە ئاگری شەری مالوێرانکەری ئەم کوتلانە بپارێزن، چونکە کێشەی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کێشەی حزبێکی دەسەلاتدارەو کێشمەکێشی نێوان کوتلەکانی مەسەلەی شەری ئالوگۆر لە دەسەلاتدا دەهینیتە پێشەوە، ناکرێ ئال‌وگۆر لە دەسەلاتدا لە بەرامبەر ژیانی خەلکیدا بە سادە وەری بگرین، هەر بۆیە پێوستە ئێمەو لایەنەکانیترو خەلکی بە هەموو تواناماننەوە هەولی زۆر جدی بدەین کە لە ئێستاوە بەر بەهەلگیرساندنی شەری چەکداری حزبەکان‌و کوتلەکانی نێو حزبەکان بگرین، بەرەیەك بەدەوری پلاتفۆرمیکدا پێك بهینین کە کێشمەکیشی حزبەکان‌و کوتلە حزبیەکان لە چوارچیوەی بەرنامەیکی مەدەنی مودێرندا ڕێکبخات‌و شەری چەکداری مەحکوم‌و قەدەغە بکات. فشار بێنین کە لە کێشەو ئختلافاتی نێوانیاندا بەرخوردی مۆدیرن‌و مەدنیانە پەیرەوی بکەن، فرسەت نەدەین فەزای کۆمەلگە بکەنە شەری چەکداری حزب‌و کوتلەکانی. دەبێت میلشیای حزبەکان هەلوەشێنەوە.

پێویستە حزبی ئێمەو هەر لایەنێکی ئازادیخواز وەك هێزێکی بەتوانا وەها بێنە مەیدان کە ئایندەو چارەنوسی کوردستان‌و دەسەلاتی سیاسی بەدەورو دەخالەتی خەلکی ڕۆشن بێتەوەو دیاری بکرێت، دەبێت خەلکی بۆ پاریزگاری لە خۆیان بێنە مەیدان، کە هەولدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان‌و دامەزراندنی دەولەت لە کوردستاندا ئەتوانی دابینی هەلوەشانەوەی دەسەلاتی حزبەکان بەسەر خەلکیدا کۆتایی بهێنێت.

## ”ڕەگ“ ڕەوتی شکاندنی سونەتی حزبین، حزبیەت کەم بایەخ دەکەن کە ئەمەش بۆ خۆی ڕەوتێکەو بە زەحمەت لە ناو حزبدا جێگەیان دەبێتەوە



# ڕیفۆرم و ڕابون، ڕەگ و یەکێتی، هەر یەکێتین

عەبدوڵا مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com



تەنگژەو کێشمەکێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەردەوامن و ئاسەواریکێش بۆ خامۆشبونەوەیان نابینرێ. ماوە ماوە دەنگی جیاواز، ڕەوتی تر، دەستەو فراکسۆنی تر پێکدێن.

"ڕەگ" ڕەوتی گۆڕینی دیموکراسیش، بەم دوایانە لە ڕێگای بەیاننامەیەکەوە بوونی خۆیان ڕاگەیاند.... بەر لە ڕەگیش ئاراستەی ڕابون و کتلەی ریفۆم لەناوخۆی یەکیتی و دەرەوەی یەکێتیدا پێکهاتن، ڕەوتە ڕانەگەیەنراوەکانی ناو یەکیتیش بەجیگای خۆی.

بەم شێوەیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەوێنەی کارگەیەک هەر ماوە نا ماوەیەک ڕەوت و دەستەو گروپێک بەوینەی بەرهەمەکەی دەخاتە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگای کوردستانەوە.

بەڵام بەرهەمی ئەم کارگەیە، دژی بنەما سەرەکیەکانی یەکیتی نییە، دژی نەوعیەت و مۆدیلی کارخانەکە، نییە. یەکیتی نیشتمانی لە ڕۆژی پیکهاتنیەوە تا ئەمرۆ، هەر دەستەو گروپیکی لێ جیابوبێتەوە، سەرباری هەر موزایەدەیەکی سیاسی و هەر هەڵچونێکی کاتی، هەر بانگەشەیەکی ئارایشدراو...تاد، کت و مت یەکیتی بوون. کەس نەیتوانیووە جیاوازیەکی بنەرەتی ئەم ڕەوت و گروپ و تەکەتول و فراکسیۆنانە لەگەڵ بنەما سەرەکیەکان و ستراتیژ و نەخشەو بەرنامەکانی یەکێتی بدۆزیتەوە.

هۆکاری بناغەیی ئەم وێکچوونە بنەڕەتیەشە وایکردووە ناکۆکیە لاوەکیەکان نەگەن بەهیچ شوێنێک و هیچ ڕاستیەکی نوی بەیان نەکەن.

کێشەو تەنگژە ناوخۆییەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان، ڕیشەیان لە جیاوازی سونەتی سیاسی، بەرنامەو پەیام، ستراتیژو ڕوانینان بۆ ڕووداوەکان، نەبووە.

سیمای سیاسی و ئایدۆلۆژی و ڕوانین و بیروباوەڕی هەموو تەکەتول و ڕەوت و فراکسۆن و گروپەکانی ناو یەکیتی، بەیەک ناکۆک نین. هەر بۆیەشە ئەم ڕەوت و گروپ و تەکەتول و فراکسیۆنانە لەناو وەزعی شڵەژاوی یەکێتیدا، شانسیان نایگریت و ناتوانن ببنە بەدیلی یەکیتی و تەنانەت فراکسیۆنێکی گەورەو کاریگەری درێژماوە.

هەرئەمەش وایکردووە سەرهەڵدانی هەر ڕەوت و فراکسۆنێک ئەگەر تەکان و لەرزەیەکی کورتماوەی بەناو یەکیتیدا هێنابێت، بەڵام لەدەرەوەی یەکیتیدا بۆ خەڵکی جێگای بایەخێکی بەرجەستە و درێژماوە نەبووە.

هەموو ئەم گروپ و تەکەتول و فراکسیۆنانە وەکو خۆیان دەڵین هەر یەکێتین و هەوڵەکانیشیان بۆ ڕزگارکردنی یەکیتی یە لە گەندەڵی، بۆگێڕانەوەی پرانسیبە ڕیکخراوەیەکانە، بۆ چاککردنی ئەدای حزب و حکومەتە، بۆ چاکسازی و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و چارەسەری ناوچە کێشە لەسەرەکان و گێڕانەوەی ناوچە کوردنشینەکانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆ گێرانەوەی هەیبەتی یەکیتی نیشتمانی و بەرگرتنەیەتی بە لێکترازان و ...... ئەمانە بانگەشەی هەموو فراکسیۆن و تەکەتولەکانی ناو یەکێتییە، بەڵام ئەمانە بە زیادتریشەوە بانگەشەی هێڵی ڕەسمی یەکیتی نیشتمانی کوردستانە. لەوەش واوەتر تەنانەت بانگەشەی هەموو حزب و لایەنە سیاسیە قەومی و دینیەکانی تری کوردستانە. لەپارتیی و حیزبی شیوعیەوە بۆ زەحمەتکیشان و یەکگرتوی ئیسلامی ...بۆیە لە دنیای واقعیدا ناتوانرێت جیاوازیەک لە نێوان ڕەوتە بەناو ریفۆرمخوازەکان و تەکەتول و گروپ و فراکسیۆنەکانی ناو یەکیتی و دەرەوەی یەکیتی لەگەڵ یەکێتیدا بدۆزرێتەوە. هەموویان هەڵگری یەک بانگەشەن.

کەواتە پرسیار ئەوەیە کێشەی ڕیشەیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەفراکسیۆن و تەکەتول و بێ فراکسیۆن وتەکەتولەوە چییە؟ و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

## چەمکی ئازادی لای یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناوپەیکەرەی ڕیکخراوەیی و دەرەوەی تەلاری ڕێکخراوەیدا

یەکیتی نیشتمانی کوردستان، بە پێچەوانەی هەموو ڕۆژەو هەموو ساتەی بانگەشەکانی، بروای بەچەمکی ئازادی چ لەناوخۆیدا و چ لەدەرەوەی خۆیدا نییە.

هەموو حزب و ڕێکخراوەیەکی مۆدیرن و شاری ئەم سەردەمە و سۆسیال-دیموکراسی، بە جیا لەوەی پرانسیبی ریکخراوەیی و زەبت و ڕەبتی ناوخۆیی هەیە، بەڵام بەشێک و لایەنێکی گرنگی ئەم پرانسیبە بواردانی ئازادانەیە بە دەنگە مخالیفەکان و کردنەوەی کەناڵی ڕەسمییە تا لێیەوە بیرورا بۆچونەکانی خۆیان، بەرنامەو پلاتفۆریی خۆیان بە ریزەکانی ڕێکخستن بگەیەنن و لەکەمینەوە هەوڵبدەن ببنە زورینەو بریارو سیاسەت و سونەت و بۆچونەکانی خۆیان لەناو ئەو حزب و ڕێکخراوەدا بکەنە بریاری حزب و ریکخراوەکەیان و سیاسەتی ڕەسمی. هاوکات لەگەڵ ئەحزاب و لایەنی دەرەوەی خۆشیان مامەڵەکە دیسان بەرەسمی ناسینی ئازادییە، ئازادی بێئەملاولاوی سیاسی بێمەرج و ئەمماو ئەگەر، ئازادی هەڵسورانی سیاسی بۆ هەموو حزب و ریکخراوە سیاسی و ریکخراو کۆڕو کۆمەڵە پیشەیی و جەماوەریەکان... ئازادی میدیاو بیروباوەرو بەیان و ڕەخنەگرتن و دەستاودەست پێکردنی دەسەلات و قبوڵکردنی ئۆپۆزیسیۆن و بەرەسمی ناسینی مانگرتن وخۆپیشاندان و کۆبونەوە.

یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەحەق و لە دنیای واقعیدا نەک ئەمانەی پێ هەزم ناکرێت، بەڵکە بەکردەوە چ لەناوخۆی حزب و چ لەدەرەوەیدا دژایەتییەکی سیستماتیکی و ئاگاهانەیان دەکات.

لەناوخۆی حزب و رێکخراودا یەکەم ئەم بوارە نادات و دووەم لەگەڵ یەکەم هەنگاوی بەنەخشەدا سەرکوت و ترۆکردن، زیندانیکردن و شکاندنی کەسایەتیەکانی، شوبهاندنیان بەجێبەجێکردنی پلانی دوژمنان و ویناکردنیان بە دژی ئەزمون و میژووی حزب و...تاد، بەدەستەوە دەگرێت. ئەمە تایبەتمەندی یەکێتیە بە ریفۆرم و ڕابونەوە، بە دەستەکانی ناو یەکیتی و دەرەوەی.

ئەوانەی هەر لە سەرەتای پێکهاتنی کۆمەڵە و یەکێتییەوە سوکایەتیان بە هەڵگرانی بیری جیاواز دەکرد و بەعیراقچی و بان چەپ و تۆمەتباریان دەکردن، ئێستاخۆیان هەڵگری بانگەشەی ترن. ئەوانەی دوێنی جەلادی دەنگە نەیارەکان بوون ئەمرۆ خۆیان بە نەیار نیشان ئەدەن و قوربانین، ئەوانەی دوێنی قوربانی بوون ئەمرۆ جەلادی فراکسیۆن و تەکەتولەکانی ترن. ئەوانەی لەبەرامبەر ئاڵای شورشدا هەرچی لەدەستیان هات کردیان، ئێستا خۆیان دەیانەوێ ئاڵای شۆرشی ئەم زەمەنە پێکبهێنن. ئەوانەی قوربانی بوون بەدەست خەتی ڕەسمی یەکیتی یەوە ئێستا خۆیان ئەوەی لەدەستیان بێت و پێیان بکرێت لەدژی باڵ و تەکەتولی موخالیف بەیەکێتی ئەنجامی ئەدەن. ئەوانەی ئێستا باسی ریفۆم ئەکەن لە سەر داوای ریفۆرمخوازی خوێن ڕێژیان کردووە.

یەکێتی بە فراکسۆن و بێ فراکسیۆنەوە، بە باڵ و بێ باڵەوە، هەمان ڕەفتاری ناوخۆیی لەگەڵ دنیای دەرەوەی حزب لەگەل حزب و لایەنە سیاسی و کۆروکۆمەڵە پیشەیی و جەماوەریەکاندا کردووە. ئەو حزب و لایەنەی دژی سیاسەتی ڕەسمی یەکیتی گوشاری هێنابێت. خەڵکی کوکردبێتەوە خەڵک بەدەنگیەوە چووبێت، دژی سیاسەتیکی ڕەسمی بە شێوەی جدی و کاریگەر هەڵسوڕابێت، ڕەخنەی ریشەیی و هەنگاوی عەمەلی لەدژی نەخشەو پلاتفۆرم و سیاسەت و پلانێکی یەکیتی نابێت، بێشک کەوتۆتە بەر هەرەشە و پاشان بەر زەبری چەک و سەرکوت. تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەزەبرە، دروشمی یەکیتی بوو بە هەموو باڵ و فراکسیۆنەکانەوە نە بۆ گرتنی ڕەبایەکانی بەعس و نەبۆ بەرگرتن بە ملهوری سەربازی تورکیاو ئیران، وە نەبۆ بنەبرکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی و بەڵکو بەدژی ئەو لایەنە سیاسیانەی یەکیتی ئەدای ئەوکاتەیانی بەدڵ نەبوو، لەگەروی ریفۆرمخوازەکانی ئیستاوە و لە یەکی ئایاردا مارکس بەشایەد دەگیرا بۆ کوشتاری و حزب و لایەنە سیاسیە ناکۆکەکان بە یەکیتی ئەوکاتە. ئەوە کوشتاری ڕۆژی ڕوناک لە بۆسە لە پێشدا داریژراوەکان و پیلانەکان لەولاوە بوەستێت، کە تا ئێستا خوێنی قوربانیانی وشک نەبۆتەوە. ئەمانە ڕەفتاری یەکێتییە لەناوخۆی و لەگەڵ هیزو لایەنەکانی دەرەوەی خۆی.

## یەکیتی نیشتمانی خزمەتگوزاریەکان و مافەکانی هاولاتیان و یاسا

لەم زەمینەیەشدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە فراکسیۆن و باڵەکانیەوە تا بێ فراکسیۆن و باڵەکانی. خاوەنی مامەڵەو هاوکات تەجروبەیەکی تایبەتە.

هەر حزب و لایەنێکی سیاسی کە دەسەڵات دەگرێت بەرپرسیاریەتی ئەکەویتە ئەستۆ، بەرپرسیاریەتی هەمەچەشن و هەمەجۆر، وەڵامدانەوە بەو پرسانەی ڕووبەڕوی دەبنەوە لە پێش هەموویاندا مەسەلەی دابینکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی و خزمەتگوزاریەکانیان، هاوکات دابینکردنی مافە فەردی و مەدەنیەکانیان و مامەڵەی تەندروست لەگەڵ هاولاتیان، ڕێزگرتن لەیاسا و ڕێساکان، ناوەڕۆکی ئەم حزبەو بەرپرسیاربوونی نیشان ئەدات.

یەکیتی نیشتمانی تا ئەم ساتە وەختەش فەزای نیمچە ئاوەڵای سیاسی کوردستان بەهەموو دەرکەوتەکانیەوە بە خیرو سەدەقە دەزانیت کە بەدیاری بەخشیویەتە خەلکی کوردستان، ئەوەی جێگەی پێنادرێت ئیرادەو نەخشی خەلک و نارەزایەتیەکانی و خەباتی نەپساوەی ڕیزی هەزاران ئینسانی تێکۆشەرو پێشکەوتنخوازە...، هەربۆیە کاتێک باسی دابینکردنی خزمەتگوزاری دەکرێت، لەجێگای هاوڵاتی بوون جاری لیستی حزب، کەسوکاری شەهیدانی حزب، پێشمەرگە دیرینەکانی حزب، کادران و ئەندامانی حزب.... لیست دەکرین پاشان خەڵکی تر بەدوایدا مانای هەیە. ئەمە ئەگەر بریار بێت ئەم دەسەڵاتە بە مەیلی خۆی خزمەتێک بکات، خۆ ئەگەر خەڵکیش دوایکرد و یەخەی گرتن و گوشاری جدی هێنا ئەوا هەموو هەر هاوڵاتین و چ هەرەشەی نابرین و چاوسورکردنەوەو چ سەرکوتی توندوتیژی دیموکراسی گەڕانی ناوێت و ئامادەیە. خزمەتگوزاری بەداهاتی خەڵکی کوردستان خۆی، تەنانەت دوای ئەوەی زیاتر لەنیوەی ئەم داهاتە بۆ حزب و دەزگا هەمەڕەنگە بێخێرەکانی دەبرێت وبە ئاشکرا تاڵان دەکرێت، بۆ شێواندنی ڕای گشتیش بەم دزی و تالانە ئاشکرایەو بەم تیرۆری ئابوری کۆمەڵگایە ئەڵین گەندەڵی، دوای هەموو ئەمانە بڕێکی کەم لەداهاتی خودی خەلکی کوردستان بەخیرو سەدەقە دەزانن سەرفی بکەن بۆ خزمەتگوزرای وەکو ریگاو بان سیستەمی هاتوچۆ،ئاو کارەبا، ئاوەدانکردنەوە و دابینکردنی پارک، کردنەوەی قوتابخانەو باخچەی ساوایان و خەستەخانەی پیویست، هۆلی سەرگەرمی لاوان و تازە لاوان، خزمەتگوزاریە وەرزشی و تە رفیهی و پەروەردەیەکان، دانی بیمەی بێکاری بە بیکاران، کەمکردنەوەی نەهیشتنی گرفتی نیشتەجی بوون، دابینکردنی ژیانی خانە نشینان، زیادکردنی کرێی کریکاران و کارمەندان، پاک ڕاگرتنی ژینگە..... دیارە ئەمانە باسی خزمەتگوزاری سەرەتایین و بەشێکی دانەبراون لە ژیانی سادەی شارێ.

هەروەها باسی مافە فەردی و مەدەنییەکان لە دیدگای یەکیتیدا بەکردەوە نزیکە بەسفر، یەکسانی ژن و پیاو، نەک مەسەی جدی نەبووە، بە پیچەوانەوە بەکردەوە شەری خواستەکانی ژنان ، یەکسانی ژنان پیاوانی کردووە، " 27-10-2008 بە نموونە ,تازە کە پەرلەمانەکەیان!! دەنگیدا بە فرە ژنی"، جیاکردنەوەی دین لەدەولەت وپەروەردەو فیرکردن و یاساو ریساکان، ریزگرتن لە یاساو ریساکان و بەدەستەوە گرتینان بەرامبەر بەهەموان وەک و یەک. دەستەبەرداربوون لە دەستێوەردان لە دەسەلاتی دادوەری و قەزایی...تاد.

بێدەربەستی بەرامبەر بەهەموو ئەمانەیە کە قلشتی دەسەلات و خەلکی بەم ئاستەی ئێستا گەیاندووەو لەهەڵکشانیشدایە.

## یەکیتی نیشتمانی و مامەڵەی لەگەڵ ئایندەی سیاسی کوردستان

جگە لە خزمەتگوزاری و ئازادیەکان و مافی بەرابەری هاوڵاتیان، مەسەلەی ئایندەی سیاسی کوردستان و بەهەندگرتنی ئیرادەی و خواستی خەڵکی کوردستان، یەکیکی تر لەمەسەلە چارەنووسازەکانە. یەکیتی نیشتمانی کوردستان بە فراکسیۆن و تەکەتول و باڵ و بێ باڵ و فراکسیۆن و تەکەتولەوە، مامەڵەیەکی هەڵەشەئامیز و چەوتی لەگەڵ دەکات.

نزیکەی 18 ساڵە دەسەلاتی بەعس لە زوربەی کوردستاندا نەماوەو دەسەلات نیوەی بەدەست یەکێتیەوەیە، پێنج ساڵیشە بەعس گۆر بەگۆر بووە، لەو ماوەیەدا کە ماوەیەکی کورت نییە، یەکیتی لە بازنەی دەرەوەی خەڵکدا، نێوەندی کێشمەکێشی ئیقلیمی و جیهانی کردۆتە مەبنای سیاسەت و نەخشەکانی خۆی و تارادەیەکی یەکجار زۆر بۆتە خۆشخزمەتچیەکی ناوازەی سیاسەت و نەخشەکانیان. تا ئێستاش لەکەلێن و قلشتی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان و کێشمەکێشەکانیاندا دەیەوێت ئەسپی سیاسی خۆی تاو بدات، لە عیراقیشدا دەیەوێت لە تەوازن و سەنگ وسوکی هێزەکانەوە خیرو بەرەکەت برژێتە ساحەی سیاسی کوردستان و ئایندەی کوردستانی بەستۆتەوە بە ئەداو ڕوانین و ئارەزووی ئەوانەوە و ئەوەی بۆی گرنگ نییە گەرانەوەیە بۆ ڕاو داواو داخوازی خەڵکی کوردستان.

یەکیتی تائیستا هەڵپەی بەشداربوونمانەوەی لەدەسەلاتی مەرکەزیدا لا پلە یەکەو، هەموو هەولێکیشی بۆ هیشتنەوەی کوردستانە لەعیراقدا. ئەمە بە ریگایەکی کارساز دەزانیت بۆ ئایندەی سیاسی خەلکی کوردستان. ئەمە لەکاتیکدایە کە کارنامەی بزوتنەوەی قەومی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی، لەگەل ئازادی و مافەکانی ئینسان و خەڵکی کوردستاندا باش دەزانیت. ئەمە لە کاتیکدایە کە زۆر ئیمکانی ئەوە هەبووە و ئیستاش هەیە ریگای جیاکردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بگرێتە بەر، کە خواستی خەڵکی کوردستان و بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگایە.

ئەمانە گرفتی بناغەیی یەکیتی نیشتمانییە بەهەموو تەکەتول و باڵەکانیەوە، من دەپرسم کام یەک لەم باڵ و تەکەتولانە، چ ئەوانەی قاچیکیان لەناو تەلاری حزبدایەو قاچێکیان لەدەرەوە، چ ئەوانەی بچکۆلەن و چ ئەوانەی لەداهاتی خەڵکی کوردستان ئەخۆن و دەستیان ئاوەڵایە، لەسەر هەرکام لەو پرسانە چ هەوڵێکی جدیان داوەو هەیە؟ لەکوی و بەچ پێوانەیەک جیاوازی خۆیان لەگەل ئەم پرسانەدا بەیان کردووەو کاریان بۆکردووە؟ پلاتفۆرمی جیاوازیان بۆ ئازادی و مافە فەردی و مەدەنی و خزمەتگوزاریەکان، بۆ یاسا و ریساکان، وە بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان کامەیە؟ بیگومان هیچ. هەموو نیگەرانی ئەوەن کە دەسەلاتی سکرتێری گشتی بێسنورە، داهات لای سەروکی حزبە، دیموکراسی ناوخۆیی ریعایەت ناکرێت، تەکەتول چێتی هەیە!! ،زوربەی بەرپرسەکان گەندەڵن!، شەفافیەت لە داهاتی و سەرفیاتی یەکیتیدا نییە،...تاد. ئەمانە هەمویان هەن بەڵام ئەمانە کێشەی ریشەیی یەکیتی نیین. کێشەی بنەرەتی یەکێتی نیشتمانی پرسی سیاسی وبەرنامەیی و بی ئاسۆییە بۆ ئایندەی خۆی، دۆشدامانیەتی بەرامبەر پرسە کەڵەکەبووە سەرەکیەکانی کوردستان و کاریگەری نەخشەوپیلانی زلهێزەکانی دنیاو وڵاتانی ناوچەکە. ئەمە هەمووان دەگریتەوە ڕابون و ریفۆرم و ڕەگ و یەکیتیش بەهەموویانەوە.

# گۆشەیەکی تر لە توندوتیژی و تیرۆری ژنان



*بەرواری 13/10/2008 ژنێکی تەمەن 28 ساڵ لە شارۆچکەی شاوێس بە ناوی" ف،ع" لە لایەن مێردەکەیەوە بەناوی"ع،ع" بە شێوەیەکی درندانە دەدرێتە بەر پاچ و دەکوژرێت. پاشان لایەن مێردەکەیەوە لەحەوشەی ماڵی خۆیان ژێر خاک ئەخرێت، دراوسێیەکیان لەرێگای بینینی خوێنەکەیەوە ئاشکرای ئەکات. هۆکاری ئەم تراژیدیایە ئەوە بووە کە مێردی ژنەکە گومانی لە پەیوەندی ژنەکەی بووە لەگەڵ کەسێکی تر. تاوانبار پێشمەرگەیەو تائێستا دەسگیرنەکراوە.

*بەرواری 13/10/2008 لافاوی تەمەن 22 ساڵ و کانیاوی تەمەن 16 ساڵ لەگوندێکی نزیک قوشتەپە لەلایەن باوک و براکەیانەوە دەدرێنە بەر دەستریژی گوللەو دەکوژرێن. هۆکاری کوشتنی ئەم دوو خوشکە گومانی خۆشەویستی و بەکارهێنانی موبایل بووە بۆ خۆشەویستی. باوک" مەغدید رەمەزان" کورەکەی "تەنیا مەغدید"، تائێستا دەستگیر نەکراون.

*بەرواری 13/10/2008 ژنێک بەناوی "ش،ح" تەمەن 16 ساڵ گر بەرئەداتە جەستەی خۆیی و خۆی ئەسوتێنێ. لەبەر زۆری سوتاویەکەی لە نەخۆشخانەی رانیە گیان لەدەستدەدات. هۆکاری خۆسوتاندنی ئەم ژنە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە هاوسەرەکەی ویستویەتی تەلاقی بدات.

*بەرواری 14/10/2008 لەگەرەکی بێرکۆتی شاری هەولێر کچێکی تەمەن 15 ساڵ بە ناوی"ە،م" خۆی سووتاند، لەبەر زۆری سوتاویەکەی دوای چەند سەعاتیک گیانی لەدەستدا. هۆکاری دەستبردنی ئەم کچە بۆ خۆسوتاندنی ئاشکرابوونی پەیوەندیە خۆشەویستییەکەی بووە، لای ماڵەوەیان.

*بەرواری 17/10 /2008 لە گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوک کچێکی تەمەن 33 ساڵ بەناوی "مەهاباد رەفیق" بە فیشەک خۆی دەکوژێت، تا ئێستا هۆکاری خۆکوشتنەکەشی نەزانراوە.

*بەرواری 19/10 /2008 لەگەرەکی ئازادی شاری کەرکوک ژنێکی تەمەن 27 ساڵ بە ناوی" ز.ج" گڕ بەرئەداتە جەستەی خۆیی و خۆی ئەسوتێنێ. هۆکاری دەستبردنی ئەم ژنە بۆخۆسوتاندن مامەڵەی خراپی هاوسەرەکەی بووە. بەرێژەیەکی زۆر جەستەی سووتاوە ومەترسی لەسەر ژیانی هەیە.

*بەرواری 18/10/2008 ژنێکی تەمەن 29 ساڵ بە ناوی "گوڤەند حسێن" لە گوندی ساڵەیی سەربە ناحییەی گرتەسێنی سەر بە قەزای ئاکرێ دەسوتێت، بەماوەیەکی کەم لەبەر زۆری رێژەی سوتاویەکەی گیان لەدەست ئەدات. بە پێێ قسەی سەرچاوەیەک سوتانی ئەم ژنە لەکاتی چیشتلێنان و بەهۆی کڵپەی تەباغەوە بووە.

*بەرواری 20/10/2008 ژنێکی سکپڕ بە ناوی "ز" لە دێهاتێکی نزیک هەولێر گڕ بەرئەداتە جەستەی خۆیی و خۆی ئەسوتێنێ، تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە ژنەکە لەژێرچاودێری پزیشکدایە. هۆکاری دەستبردنی ئەم ژنە بۆ خۆکوژی مامەڵەی خراپی مێردەکەی بووە لەگەڵیدا.

*بەرواری 26/10/2008 ژنێکی تەمەن 18 ساڵە لەگوندی بەرگوانی سەر بە قەزای سۆران بەناوی" ئ.م" گڕ بەرئەداتە جەستەی خۆی و خۆی ئەسوتێنێ. ژنە ئێستا لە خەستەخانەیە، هۆکاری دستبردنی ئەم ژنە بۆخۆسوتاندن مامەڵەی زبرو رەق و سوکایەتی و لێدانی بووە لەلایەن مێردەکەیەوە بەناوی" ب".

*کچێکی تەمەن 16 ساڵان بەناوی"ش،ف" لە کۆمەڵگای شیلادزی سەر بە ئامێدی دوای ئەوەی 19 مانگ خۆی سوتاند، بەهۆی زۆری رێژەی سوتاویەکەی 25/10/2008 گیانی لەدەستدا. بۆ هۆکاری خۆسوتاندنی ئەم کچە

## درێژەی.......... گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد

ئەوەی وەکو ئیوە دەلین جەلال تالەبانی ووتویتی " کەرکوک وەکو هەریمیکی سەربەخۆی رابگەیەنریت، چەند سالیک بەم شیوەیە بمینیتەوە پاش ئەوە بریار بدریت کە هەر وابمینیتەوە یان نا" یانی وەکو سەرۆکی حزبی تورکمان ئیلی دەلیت" ئیمە وەکو تورکمان پیمان باشە کەرکوک بۆماوەی 8 سال ببیت هەریمیکی سەربەخۆ"، ئەوان دەیانەوێ کیشەکە لە ئیستادا بە هەلواسراوی بهیلنەوە بۆ کرینی کات و ئامادەسازی بۆ تەرحە قەومیەکانی خۆیان. بە مانایەکی تر هەریەک لەوان هەست دەکەن لە ئیستادا هەلومەرج تەواو ئامادە نییە بۆ ئەوەی تەرحی قەومی خۆیان پیادە بکەن بۆیە دەیانەوێ کیشەکە بە هەلواسراوی بهیلنەوەو کات بکرن.

بەلام بەشی سەرەکی تەرحی حیزبی ئیمە بۆ چارەسەری یەکجاری کیشەی کەرکوک دەرهینانیەتی لە دائیرەی کیشمەکیشی هیزە ناسیونالیستەکان. تەرحەکانی ئەوان بۆ ئەوەیە کە مۆری قەومی بدەن لە کەرکوک و لەسەر بناغەی قەومی چارەنوسی یەکلابکەنەوەو بیخەنە چوارچیوەی فیدرالیزمەوە. ئیمەش دەمانەوی بە ئاراستەیەکی بە تەواوی پیچەوانەی ئەمەوە بیبەین. لە هەمانکاتدا تەرحی حیزبی ئیمە مامەلەکردنی کەرکوک نییە وەکو هەریمیکی سەربەخۆ، پیشتر بە دریژی باسی ئەوەم کرد کە ئیمە دژی دابەشکردنی عیراق بۆ چەند هەریم و فیدرالیزەکردنین. هەروەها بە پیچەوانەی حیزبە ناسیونالیستە تورکمانەکانەوە، کە دەیانەوی کیشەی کەرکوک بۆ دریژماوە هەلواسریت تا ئەوان پیلان و خۆئامادەکاری قەومیان تەواو دەکەن، یان هیزو هاوسەنگیەکی تازە بە قازانجی ئەوان دیتەئاراوە. ئیمە پیداگری لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەم قومبەلە تەوقیتکراوە یان ئەم بەرمیلە باروتە، هەرچی زووتر، پیش ئەوەی بتەقیتەوەو جەماوەریکی زۆر بسوتێنێ، بە شیوەی گونجاو چارەسەر بکریت و فلتەری تەقینەوەکەی دەربهینریت.

بەلام بەدەر لە ئیرادەی ئیمە، هەر ئیستا و تا کاتیک کە کیشەی کورد بە ریگای ریفراندۆم یەکلادەبیتەوەو بەدوای ئەوەشدا بوار دەکریتەوە بۆ پیادەکردنی ریگاچارەیەکی یەکجاری کە ئیمە بۆ کیشەی کەرکوک تەرحمان کردوە، دەبی شیوازیکی گونجاو بۆ ئیدارەی کاتی شاری کەرکوک پیادەبکریت، کە دوربیت لە بینەوبەرەی قەومی، دوربیت لە دەسەلات و ملهوری میلیشیا قەومی و دینیەکان، دوربیت لە خۆداسەپاندنی حیزبە ناسیونالیستە عەرب و کوردو تورکمانەکان بەسەر خەلکدا، ئیدارەیەکی پشتبەست و بە دەخالەت و ئیرادەی راستەوخۆی خەلک. ئیدارەیەک کە بتوانێ کۆمەلیک هەنگاوی فەوری بە تایبەتی لە بواری خزمەتگوزاری و ئەمنیەت و چارەسەری کیشە تایبەتییەکانی ئەو شارەدا، هەلبگریبت و دانیشتوانی شار لە شەرو کیشەی قەومی دور بخاتەوە و دەستیان بخاتە ناو دەستی یەکتر لە پیناو ژیانیکی ئارام و پر ئاسایش و بەهرەمەند لە خزمەتگوزاریە پیویستەکانی ژیانی رۆژانە.

**ئۆکتۆبەر: لە تەرحەکەدا هاتووە کە هەیئەتی نوینەرانی خەلک لەسەر ئاستی گەرەک هەلدەبژیردرین. شورای شاریش لە نوینەرانی ئەم هەیئەتی نوینەرانە پیکدین. بەلام ئەم هەیئەتی نوینەرانە لە چ پرۆسەیەکی هەلبژاردندا مەشروعیەت وەردەگرن و پرۆسەکەی چۆن دەرواتە پیشەوە؟**

**ریبوار ئەحمەد:** لە راستیدا لە هەلومەرجی ئیستای عیراقدا باسی هەلبژاردن، تەنانەت بەشیوە بورژوازیەکەی و بە هەموو رواڵەتی بونیکی دەخالەتی خەلکەوە، بە هەموو ساختەکاریەکەوە کە لە هەلبژاردندا دەکریت، قسەیەکی هەتا بلێی بێمانایە. بەو مانایەی ئەم جۆرە پرۆسانە لە ئیستای عیراقدا بە هیچ پیوانەیەک ناکری ناوی بنریت هەلبژاردن هەتا بەو مانایەی باسم کرد. لیرەدا نامەوی بچمە ناو ئەم باسەوەو لەم چەند سالەدا چەند نمونەی گالتەجارانەی هەلبژاردن لە عیراقدا پیادەکراوەو خەلک بە تەواوی ئەم حەقیقەتەیان تەجروبەکردوە. تەنها لەپال ئەمەوە تەئکید لەوەش دەکەمەوە کە لەمرۆدا هەلبژاردن لە ئاستی سەراسەری شاردا بە عەمەلی دەگۆریت بۆ شەرو بینەوبەرەی قەومی. هەر تاقمیکی ناسیونالیست هەولدەدات نوینەرانی قەومەکەی خۆی زیاد بکات، پاش هەلبژاردنیش شورای شار دەبیتەوە بە کۆمەلیک فراکسیونی قەومی وەکو ئەوەی ئیستا.

ئەوەی لە تەرحی ئیمەدا هاتووە تەنها شیوەیەکی گونجاوو واقعیە بۆ دیاریکردنی نوینەرانی واقعی خەلک. خەلکی گەرەک دەتوانن لە رۆژیکی روناکدا کە پیشتر راگەیەنراوە کۆبنەوەو بەو جۆرەی پیان گونجاوە چەند کەس وەکو هەیئەتی نوینەرانی گەرەکی خۆیان دیاری بکەن. جا بۆ ئەمە لەگەرەکدا هەلبژاردن دەکەن، یان هەر چەپلە بۆ لیستیکی پیشنیارکراوی 10 کەسی لیدەدەن، یان.....هەلبەت مافی هەموو دانیشتویەکی بانتر لە 16 سالی گەرەکە لەم کۆبونەوەیەو لە هەلبژاردنی نوینەرانی گەرەکدا بە دەنگدان و بە خۆکاندیدکردن بەشدار بیت. لە هەمانکاتدا بەشداری لەم کۆبونەوەیە مافی هەرکەسیکە نەک ئەرکیک بیت لەسەریان. رەنگە لەسەرەتاوە تا تەجروبەکە بە مەلموسی دەبینریت، ریژەیەکی کەم بەشداری تیا بکەن، وەکو تەجروبە شوراکانی 91 کە لەسەرەتاوە ریژەیەکی زۆر کەمی خەلکی گەرەک تیایدا بەشداربوون. یان بۆ نمونە ئەو شورایەی کە لە سالی 2003 لە گەرەکی حوریەی کەرکوک دروست بوو، کە چەند سەد کەسیک تیای بەشداربوون، بەلام لەگەل کارکردن و بەرجەستەبوونی ئیرادەو بەرژەوەندیەکانی خەلک، بیگومان جەماوەریکی زۆرتر روی تیدەکەن. مەسەلەی گرنگ لیرەدا ئەوەیە کە کەس ناتوانی خۆی بەسەر خەلکدا بسەپینێ، ئەوانەی هەلدەبژیردرین بۆ هەیئەتی نوینەرایەتی، ئەگەر لە قازانجی خەلکدا نەجولینەوە، لەبەرامبەر رای خەلکدا هیچ حەسانەیەکیان نییە و دەکریت رۆژی دواتر دووبارە خەلکی گەرەک کۆبنەوەو لایانبەرن. بەم مانایە نوینەران و ئەم پرۆسەیە شەرعیەتی خۆی لە خەلک و لە ئیرادەی راستەوخۆی خەلک وەردەگریت. بەبروای من ئەم پرۆسەیە بۆ نمونە هەتا ئەگەر بەبەشداری لەسەدا 10ی دانیشتوانی گەرەکیک بروانە پیشەوە، زۆر لەو پرۆسەی هەلبژاردنەی کە 4 سال جاریک دەکریت و لەسەدا 50ی دانیشتوانی بەشداری تیادا دەکەن، زیائتر ئیرادەی خەلکی تیا بەرجەستە دەبیت. تەنانەت ئەگەر هەلبژاردنیکی واقعیش بیت.

**ئۆکتۆبەر: ریژەی نوینەرایەتی گەرەکەکان لە شورای شاردا چۆن و لەسەر چ بنەمایەک دیاری دەکریت؟**

**ریبوار ئەحمەد:** لە تەرحی حیزبدا ئاگاهانە باس لەو ریژەیە نەکراوە، بەلام باس لەوە کراوە کە هەیئەتی نوینەرایەتی گەرەکەکان نوینەری خۆیان دەنیرن بۆ شواری شار. وەکو بۆچونی خۆم، من لام وایە ئەوە گرنگ نییە کە پیوانیەک بۆ ریژەی نوینەرایەتی گەرەکەکان دابنریت، چونکە ئەم نوینەرانە بریار نییە، وەکو ئەلگۆی ناسیونالیستیەکان لە شواری شاردا لەسەر بەشە دەسەلاتی قەومەکان لەگەل یەکتر شەرو کیشە بکەن. ناکۆکیەک لە نیوان بەرژەوەندی دانیشتوانی گەرەکەکاندا نییە، تا نوینەرانیان لە شواری شاردا، لەسەری لەگەل یەکتر کیشمەکیش بکەن. بەلکو بریارە بە یەکسانی ماف و بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو گەرەکەکان دەستەبەر بکەن. لەم حالەدا بە بروای من شیوەی گونجاو ئەوەیە کە هەیئەتی نوینەرایەتی هەر گەرەکیک بۆ نمونە 3 کەس بنیریتە شواری شار. یان دەکریت بە پیێ ژمارەی دانیشتوانی گەرەکەکان، ژمارەی نوینەرانیان لە شورای شاردا بگۆریت، دروستتر وایە لە 3 کەس کەمتر نەبیت. تەرحەکەی حیزب هوشیارانە نەچوەتە ناو ئەم وردەکاریەوە چونکە ئەمانە مەسەلەی لاوەکین و گونجاو نییە لە پیشەوە لە لەقالب بدرین.

> # بناغەی سۆسیالیزم ئینسانە، سۆسیالیزم بزووتنەوەی گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان
>
> " مەنسور حکمەت"

## درێژەی.......
## یەکەمین کۆنفرانسی ساڵانەی تەشکیلاتی فنلاندا.....

**هاوری مستەفاباهیر:** مەسەلەی کەرکوک، ریفراندۆم و سەربەخۆی کوردستان...لەسترەکیترین ئەولەویاتەکانی کاری ئایندەمانە، بۆئەمەش ئیمە ثیویستمان بەکاری فراوانی کۆمەلایەتی هەیە. هەروەها ئیمە پشتیوانی لە نارەزایەتیەکانی خەلکی کوردستان دەکەین بەرامبەر بە دەسەڵاتی میلیشیایی و عەشیرەتی ئەمرۆی کوردستان. بەرزکردنەوەی داخوازی لە نەبوونی پیداویستی رۆژانەو ئاوو کارەباو سوتەمەنی و خزمەتگوزاری، هتد. ڕاکێشانی پاڵپشتی بۆیان و گەیاندنی دەنگی نارەزایەتیەکانیان بە گویی هەموو ئازادیخوزانی جیهاندا، ئەمە کارێکی تری سەرەکیمانە. بەو پێیەی کە پێمان دەکرێت تاوانباران و گەندەلەکان ریسوا دەکەین، و هەموو شێوەیەکی یاسایی دەگرینە بەر بۆ بەرگریکردن لە جەماوەری کوردستان و بەپێچەوانەشەوە بۆ دادگایکردنی تاوانباران.

کاریکی ترمان دیفاع کردنە لەو پەنابەرانەی کە لە ژیر زولم و زۆری ئەحزابی میلیشاییدا، کوردستان بەجی دەهێڵن و روو دەکەنە دەرەوەی وڵات و هەندێکیشیان دێنە فنلاندا. **هەروەها هاورێ ئالا فەرەج بەم شێوەیە دوواو ووتی:** ئامانجی سەرەکی لەم کۆنفرانسەدا ریکخستنەوەی ریزەکانی تەشکیلات و دانانی بەرنامەیەک بۆ دابەشکردنی کارەکانی کۆمیتەی فنلاند یەکیک بوو لە سەرەکیترین ئامانجی بەستنی یەکەمین کۆنفرانسی حزبمان لە فنلاندا. هەروەها دانانی بەرنامەیەک بۆ بردنە پیشەوەی چالاکی کۆمۆنیستیو بەهیزکردنی ریکخراوەی حزب لە نیو پەنابەرانی کوردو... هەروەها ئەم کۆنفرانسە لە کاتیکدا سازکرا کە هاورێکانمان لە کوردستان خەریکی چالاکی و سازدانەوەی تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانن، خەریکی ریکخستنی کۆمیتە و شانە حیزبییەکانن و گرێدانەوەیان بە وەزعیەتی ئیستای خەلکی نارازی کوردستانەوە، هەلبەت ئەمەش بۆ خۆی ئامانجی ئیمەی وەک کادران و ئەندامانی حیزب گەورەتر کردەوە و ئاسۆی هەنگاونانی گەورەتری بە ئیمە بەخشی.

# مالیکی سەرقاڵی پەسەندکردنی پەیماننامەی حکومەتەکەیەتی وکرێکارانیش خۆپیشاندان دەکەن



* **لە بلاوکراوەی"الی الامام"ەوە:هاوکات لەگەل مشتومەری پەرلمانی عیراقی و لایەنە سیاسی یەکان لەبەغداد بۆریکەوتن لەسەر پەیماننامەی ئەمنی لەگەل ئەمریکادا،** رۆژی 19 مانگی ئۆکتۆبەردا نزیک بە 2000هەزار کریکار لە شەریکەکانی جلودو قوتنی پیشەسازی کارەبایی و سۆفی و زیوتی نەباتی و بەتاریات... خۆپیشاندانێکیان لە مەیدانی فیردەوس بەریخست بەمەبەستی خستنەرووی چەند خواستیك لەوانە: سەرفکردنی ئەوبەشە لەموچەی نەدراو کەلەسەرەتای مانگی کانوونی دووەمەوە بەکریکران نەدراوە. هەروەها داوای دەرمالەی مەترسی کار بۆکریکران. شایانی باسە لەم خۆپیشاندانەدا یەکیتی شوراو نەقابە کریکارییەکان، یەکیتی گشتی شوراو نەقابە کریکارییەکان لە عیراق و حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق و چەندین سەندیکای دیکە بەشدارییان کرد. لەلایەکی تریشەوە رۆژی 23 ی ئۆکتۆبەر: لەشاری ناسریە کریکاران و فەرمانبەرانی پۆست بۆ داواکردنی موچەی بردراویان مانگرتنیان راگەیاندو خواستی گیرانەوەی ئەو برەپارەیە بەناوی"خەسم"ەوە نەدرابووپیان خستەبەردەم دەسەلاتدارانی ئەمشارە. وەلە رۆژی 26.ئۆکتۆبەر: لە شاری بەسرە کریکارانی شەریکەی پەتروکیماوی و کریکارانی شەریکەی پیشەسازی وەرەقەو شەریکەی سەلب و حەدیدو مەشورعی ماجد.. خۆپیشاندانیکی گەورەیان بۆهەمانخواست بەرێخست. جیگای ئاماژەپیدانە نمونەی ئەم خۆپیشاندان ونارەزایەتیانە، لەمەیداندابوونی چینی کریکراو جولانەوەکەیانە بەرووی حکومەتی مالیکی لەهەلومەرجی پشیوی و میلیتاریستی عیراقدا.

# بانکەکان ڕزگارمەکەن لەزیندانیان بنێن،




ئێوارەی هەینی 11ی ئۆکتۆبەر لەلەندەنی پایتەختی بەریتانیا سەدان قوتابیانی ئۆکسفۆرد و ساسکس و ئیسکس و شفێڵد و هەڵسوڕاوی دژی سەرمایەداری خۆپیشاندنیان کرد لە بەردەم سەنتەری بازرگانی ( رۆیاڵ ئێکس چەینج ماڵ) لەدەرەوەی بانکی ئینگلاند، هاواریان دەکرد (پارە مەدەنە خاوەن بانکەکان، زیندانیان بکەن). پێش ئەوەی پۆلیس بگاتە شوێنی خۆپیشاندانەکە لەرێ ی سەندیکای پارێزەرانەوە قوتابیان توانیان بگەنە (گلیتزی ماڵ). پاشان خۆپیشاندەران لە هەوڵی گەیشتنیاندا بوون بۆ بینای بانکی ئینگلتەرا و شوفێرانی ئۆتۆمبیلەکان کەبەلایاندا دەرۆیشتن پشتگیری خۆپیشاندەرانیان دەکرد، پۆلیس گەیشتە شوێنی خۆپیشاندانەکە و رێگریان لە خۆپیشاندەران کرد، خۆپیشاندان لەلایەن قوتابیانی سۆسیالیست کرێکاریەوە رێکخراو و پاش بەیەکدادان و بەگژاچوونەوە لەگەڵ پۆلیسدا سەرکەوتووانە پۆلیسیان بێزارکرد و تورەیی و ناڕەزایەتیان خۆیان بەرانبەر بە ڕژێمی سەرمایەداری دەربڕی.

دوا لاپەڕە
No.(15) 1st Nov.2008

October

ئۆکتۆبەر
سەرنوسەر: عبداللە محمود
بەڕێوەبەری نوسین: شوکاك عبدالستار
**دەستەی نوسەران:** ئاسۆ کەمال، بەشدار علی، بنار مستەفا، محمد غفور، ڕەمەزان سابیر، سامان کریم، سەعید ئەحمەد، شەماڵ عەلی، محسن کەریم، جمال محسن
**بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:**
Www.hkkurdistan.com
Email:octobet_917@yahoo.com, shukaks@yahoo.co.uk

# لەکۆبوونەوەیەکدا ریکخراوی IOM دەخریتە ژیرفشاری نارەزایەتی ریکخراوەکانی پەنابەرانەوە

لەفیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقیەوە:
لەراگەیاندنیکدا کەفیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی بلاوی کردۆتەوە، رۆژی 20/10 رێکخراوی IOMبۆناردنەوەی پەنابەران لەلەندەن کۆنفرانسیکیان بەست. لەم کۆنفرانسەدا کەژمارەیەك رێکخراوی ئەفغانی وعێراقی و هەروەها نۆینەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ونۆینەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران لەگەڵ ژمارەیەك لە هەواڵنیری دەزگاکانی راگەیاندن تییدا بەشداربوون، لەبارەی رەوشی پەنابەران لەووڵاتی بەریتانیا و بەرنامەی ناردنەوەی ریکخراوی ناوبراو خرایە بەرباس ولیدوانەوەوە. لەدەرفەتیکدا کەدرابە ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە بۆدەربرینی باری سەرنجیان، دەنگی نارەزایەتی بەرامبەر بەریکخراوی IOM خۆی نیشانداو ئەورۆلەی کەریکخراوی ناوبراو لەراستای سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران وگیرانەوەیان بینیویەتی خرایەبەردەم رەخنەوسەرزەنشتی توندەوە. لەم بارەوە دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیۆن لەبەیننامەیەکدا ئەوەی راگەیاندووەکە:
"ئەو راپۆرتەی ئێوە ئەمرۆ لەم کۆنفرانسەدا ئاماژەتان پێکرد دورە لە واقعی ژیانی خەڵکی عیراق وئەفغانستانەوە . دەتانەوێت چاو دابخەن لە ئاستی راستیەکان. دەتانەوێ ئەو پرۆپاگەندەیە بەسەر رای گشتی بسەپێنن کە گوایە لە عێراقدا پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و ئارامی بەرچاو بەدیدەکرێت، لە کاتێدا عێراق ولاتێکی داگیرکراوە، شەر و دەعوای تایفی ومەزهەبی وکوشتن رۆژانە دریژەی هەیە ..ئێوە پەنابەران دەنێرنەوە بۆ کۆی !؟ بۆ کوردستان کە بەم رۆژگارە تۆپخانەکانی ئێران و تورکیا دیهات وناوچە سنوریەکانی بۆردمان دەکەن ،ناوچەیەك کە چارەنووسی سیاسی دیارنیەو بچوکترین حۆرمەتی ئینسان و مافەکانی ریز لێناگیرێت. رۆژ نیە ژنان تیرۆرنەکرێن وەیان نەکوژرین.. ئیوە خەریکن پرۆژەی سیاسەتی دژی پەنابەری ئەم حکومەتانە دەبەنە پێشەوە کەژیانی لە پەنابەران تالکردوە."
شایانیباسە ئەم دەربرینانەی دەشتی جەمال بووە مایەی ئشتیوانی بەشیکی زۆر لە نوینەرانی ریکخراوەکان و هەموان داوایانکرد کە ریکخراوی IOM دەستهەلگریت لەکۆمەککردن بەگیرانەوەی پەنابەرانی کوردستان.



## دواستوون

# بەردەوام شەڕو ماڵوێرانی

**شاباز محمود**

خەڵکی عیراق ڕۆژانێکی دژوار تێپەڕ دەکەن, سەرەڕای مێژووی پڕ لە کارەساتی ئەم مولاتە، کە لە30 ساڵی ڕابردوودا بەردەوام شەڕو ماڵویرانی, کوشتوبڕو ئاوارەیی ودەربەدەری بەشی خەڵكو میوانی خوانی ئەم ولاتەیەو ساتیك ژیانی بە ئاشتی بۆ خەڵك بوتە ئاواتیكی دوورەدەست. کەچی پاش درۆو دەلەسەکانی ئازادکردنی خەڵك لەچنگی بەعس بەناوی دیموکراسیو پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە، تاقمو دەستەو گروپە تیرۆریستیەکان شانبەشانی داگیرکاری ئەمریکا، ژیانو مانەوەی خەڵکیان هاریوەو ژمارەی قوربانیانی "سەردەمی دیموکراسیو عێراقی نویَ" زۆر زیاترە لە ڕێژەی قوربانیەکانی خەڵك لەدەورانی دکتاتۆریەتدا.
نەوت وەکو سەروەتیکی سروشتیی ئەم ولاتە, نەك هەر نەبووەتە مایەی ئاوەدانی و پیشکەوتنو خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکەکەی, بەڵکو بووەتە دەسمایەی هێزە میلیشیاییەکان و گروپە تیرۆریستەکانو دەولەتانی گەورەو سەرمایەدارانی دونیا. ڕۆژانە بەسوود وەرگرتن لە بەرهەمی نەوت گیانی سەدان کەس ئەکەنە قوربانیو جەهەنەمێکیان خولقاندوە بۆ دانیشتوانەکەی. ئەمریکا بو گەیشتن بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی کە مانەوەیە لەعێراقو لێرەشەوە بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی ناوچەکە، ئامادەیە لەگەل هەر هیزیکی کونەپەرست و دواکەوتویش ڕێکبکەوێت.
خەڵکی کوردستانیش کە ئێستا ناوچەکەیان بەستراوەتەوە بە دەوڵەتی مەزهەبی و دینیی عێراقەوە بێبەش نین لەو بەلاو دەریدەسەریانەی کە بەسەر ناوچەکانی تری عێراقدا دێت، هەر بۆیە کەدەبێت چیدی ئەمە لە دەسەلاتدارانی کوردستان قەبولنەکەن کە بە ناوی فیدرالێزمەوە خەڵکی فریو بدەن و بە ئیدیعا پڕوپوچەکانیان تاسەر مانەوەی کوردستان لەگەڵ عێراق گرێبدەنو فەرزی بکەن بەسەر خەڵکیدا، ناتوانن هەموو خەڵك بەو ڕێگایەدا بەرن کە خۆیان دەیانەوێت. چونکە ئازادیخوازانی کوردستان و عێراق هیشتا ئومێدیان ماوە, ئەو ئومێدەش هێزی چەپ و کۆمۆنیستە. ئەگەر هاولاتیانی کوردستان و عیراق دەیانەوێت بەرەی خۆیان بەهێزبکەن بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی ئاسوودە و دوور لە شەرو ماڵوێرانی و نەداری و برسیەتی و بێکاری , دەبیت هوشیار بن بەرامبەر هیزە مەزهەبی و تائیفی و قەومیو میلیشیاییەکان, بوئەوەی جاریکی تر خەڵك بەکارنەهێنن بو مەرامە گلاوەکانیانو ببنە سووتەمەنی نیازو بەرژەوەندییەکانی ئەوان.
ئەو هێزەی ئومێد بەخشی ژیانێکی باشتر بێت بو ئینسان لە دوای ئاشکرابوونی درۆی دیموکراسی, لەعیراق و کوردستاندا شانسی سەرکەوتنی لە پێشە. وە خەڵکی کوردستانیش لە چوارچێوەی عێراقی تەوافقی مەزهەبی و نەتەوەییدا ژیانیان لەمە باشتریان بۆ فەراهەم نابێت. بویە ریگاچارەی خەلکی عێراق دامەزراندنی دەوڵەتێکی علمانیە کە بەیەکسان مامەڵە لەگەڵ هاولاتیانی ئەکاتو هیچ پێوەرێکی قەومی مەزهەبی خەڵك ناخوێنێتەوە. بۆ حەڵکی کوردستانیش ڕێگاچارە لەئێستادا تەنها جیابوونەوەیە لە عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی ناقەومیو نا دینییە.

# جیاکردنەوەی قوتابیانی کوڕ و کچ لەقوتابخانە سەرەتاییەکان، هەوڵێکیتری کۆنەپەرستانی ئیسلامی

لەچەند رۆژی رابردوودا ئیسلامیەکان"کۆمەلی ئیسلامی و یەکگرتوو"لەچەند قوتابخانەیەکی ناوەندی تیکەڵاو لەگەرەکی راپەرین لەشاری سلیمانی لەهەولدان بۆجیاکردنەوەی قوتابیانی کور وکچ وبۆئەمەش دایکان وباوکانی قوتابیانیان راپێچداوە بۆنیو قوتابخانەکان، تابەریوەبەر ناچاربکەن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی کۆنەپەرستانەیان. ئەمەلەکاتیکدایە کەهاوشێوەی ئەم هەوڵە کۆنەپەرستانەیە لەشارۆچکەی خورمال لەلایەن خەلکی مەدەنی وئازادیخوازەوە بەشکست کێشراوە.
بەلام ئیسلامیەکان دەیانەوێت بەم هەولانەیان بەچ ئامانجیگ بگەن؟
ئەوان دەیانەویت فەزای شاری سلیمانی ئیسلامی بکەنەوە و دەستی کۆنەپەرستی و پیاوسالاری بۆسەر منالانیش دریژبکەن ولەپرۆسەی جیاکاریەوە بەرەو حجابی ئیسلامی و بەئیسلامیکردنی ژیانی منالان پەرەپیبدەن، ئەمەلەکاتیکدایە کەمنالان لەچوارچیوەی هەریاساو پیوانەیەکی مەدەنیدا دەبی لەدەرەوەی مامەلەی ئایۆلۆژیا و ئاین وباوەری نەتەوەیی دابنری و نابیت بکرینە زەخیرەی سیاسی هیچ گروپ وپارتیکی سیاسی. ئەم هەولانەی ئیسلامیەکان دەستدریژیەکی ئاشکرایە نەك هەربۆ سەرژیانی منال و کەسایەتییان بەلکو هەرشەیەکیشە بۆسەر مەدەنیەتی کۆمەلگاو بووراەکانی پەروەردەو فیرکردن. بۆیەدەبیت مامۆستایان ودایکان وباوکان و هەموو خەلکی ئازادی خواز و لەپیشیانەوە بەریوەبەرایەتی پەروەردە ریگا بەم دەستدریژیکردنە بۆسەر منالان نەدەن و ژیانی قوتابخانەکان لەفەرهەنگی ئیسلامی و باوەرە ئاینیەکان بەدور رابگرن.

# ناڕەزایی مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆی وندسۆری کەنەدی




لە زانکۆی وندسۆری خوارووی ئۆنتاریۆی وولاتی کەنەدا شانزەهەزار قوتابیانی خوێندنی باڵا و مامۆستایانی وانەیی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەستیان دایە مانگرتن. یەکێتی کۆلیژەکانی زانکۆی وندسۆر شەڕ لە پێناوی زیادکردنی کرێ و باشکردنی هەلومەرجی کاردا ڕادەگەیێنن. مامۆستایانی ڕاهێنەر لە 25% ی دەستەی وانەووتنەوە پێکدەهێنن. بریان براون سەرۆکی WUFA یەکێتی کۆلێژەکانی زانکۆی وندسۆر ووتی: ( ئەمە یەکخستنی هەموو هەوڵ و تواناکانمانە، پەیاممان بەڕۆشنی و بەدەنگی بەرز ئاڕاستەی ئیدارەی زانکۆ دەکەین دەمانەوێ ڕێکەوتنی بەکۆمەڵ بکەین، دەمانەوێ دادپەروەرانە بێ، نامانەوێ ئێمە لە خوار زانکۆکانی تری ئۆنتاریۆوە بین). مامۆستایان داوای یەکسانی لە کرێ و چۆنێتی خوێندن و پەروەردە و ڕێزگرتنی شوێنی کار و لە ڕاستیدا مامۆستایانی ڕاهێنەر لە 45% ی سەرجەم مامۆستایان پێک دەهێنن. کۆمەڵگای ناوخۆیی و قوتابیان پشتگیری قوتابیانی خوێندنی باڵادەکەن.

ئامادەکردنی: ئازاد بەکر

## بەسوپاسەوە 240 دۆلار کۆمەکی سپانسۆرەکانی ئۆکتۆبەرمان لەرانیە بەدەست گەیشت

# دنیایەکی باشتر بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بخوێنەوە

# مارکس گەڕایەوە

پاش ئەوەی کە قەیرانی ئابووری جیهانی بەرۆکی بەزۆرێك لەوڵاتانی زلهێزو بەهێزی ئابووری جیهانی گرتەوەو دنیای لەرزاند، سەرەنجام زۆرێك لەبانکە دێرینەکانیان نابودبوونی خۆیان ڕاگەیاند. ئەمەش وایکرد کەپشێوی گەورە دروست ببێتو هەر وڵاتەو بەشێوەیەك تەفسیری خۆی لێبکات کە جیاواز بێت لەگەڵ لێکدانەوەی وڵاتێکیتر، ئەمەش وایکردوە کەخەڵك لەزۆرێك لەوڵاتانی جیهان بۆ تێگەیشتنی ڕاستیەکانو زانینی ئەوەی کە "بەڕاست چی قەوماوە؟"
گەڕانەوە بۆ مارکسو دووبارە خوێندنەوەی کتێبو نوسراوەکانی ئەو بیرمەندە. خودی دەزگاکانو میدیاکانی جیهان بەناچاری باس لەوە ئەکەن کە بۆ تێگەیشتن لە ئەسڵی قەیرانەکەو زانینی هۆکارەکانی ئێستا دیسانەوەو پاش زیاتر لەسەدەونیوێك لەبەرواری نوسینی، جارێکیتر کتێبەکانی مارکس ئەبنەوە پڕفرۆشترین کتێبەکانی جیهان، تەنانەت زۆرێك لەبیرمەندەکانی بۆرژوازی لە بۆچونە چەوتەکانیان پەشیمان بوونەتەوە، تائەو ڕادەیەی کە بیرمەندی گەورەی بۆرژوازی (میشێل فۆکۆ) کە خاوەنی کێبی "کۆتایی مێژوو"ەو تیایدا باسی لە ئەزەلی بوونی سەرمایەداری کردوە، کەچی ئێستا لەدوایین نوسراوەکانی خۆیدا هاتوەو ئەلێت "مومکنە کە سوود لە سۆشیالیزم ببینرێت بۆ گەیشتن ڕێگاچارەیەکی ئەم قەیرانە". تەنانەت زانکۆی ئۆکسفۆرد کە یەکێك لە زانکۆ ناودارو دێرینەکانی بەریتانیایە، بەهۆیەوەی کە سەرمایەداری جیهانی فەزایەکی خولقاندبوو بۆ هێرش بۆ سەر مارکسیزمو کۆمۆنیزم، نزیکەی دوو دەیە بوو داخرابوو، بەڵام ئێستا کاتێك کە فەلسەفەو ئەدەبیاتو نوسراوەکانی مارکسو ڕەواج پەیدا ئەکەنەوەو حەقانیەتی خۆیان ئەسەلمێنن، بەسەدان کەس داوای خوێندنیان بەو زانکۆیە پێشکەش کردوە، کە تەنها پێویستی بە 24 خوێندکار بووە. بەوپێیەی کەمارکسیزم مەزهەبێك نیەو بریتیە لە فەلسەفەو زانست، بۆیە بەتێپەڕبوونی کات نەك هەر کاڵنابێتەوە، بەڵکو بۆچەندینجار حەقانیەتی خۆی ئەسەلمێنێتەوە.




# ژمارەیەکی تر لەو ئینسانانەی بەدوای دنیایەکی باشتردا ویڵ بوون گیانیان لەدەست دا




بەرواری 5-10 ژمارەیەک لە پەنابەرانی عیراقی لەگەڵ ژمارەیەک پەنابەری تر لە کاتێکدا دەیان ویست بە شاحینە لە دورگەی کریتی یۆنانەوە بپەرنەوە بۆ ئیتاڵیا، لەناو یەکیک لە شاحینەکاندا، ژمارەیەکیان دەخنکێن و گیان لەدەست ئەدەن. بەشیک لە قوربانیەکانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە خەڵکی عێراق و کوردستانن.
ئەم قوربانیانە، هەر قوربانیانی رێگاوبان و سنورە دەستکردو خوێناویەکان نین، بەڵکە قوربانیانی دەستی دەسەلات و جەنگ وبێکاری و بێمافین. پرسە وسەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خێزان و کەس و کارو هاوڕێ و ئازیزانیان ئەکەین.